حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکردنی پڕۆژە بوودجەی ساڵی 2020ە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات


ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5834) سێ شەممە 24ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکارییەکانە بۆ دارشتنی پڕۆژە بوودجەی ساڵی 2020 و لەو پێناوەشدا لێژنەی باڵای ئامادەکردنی بوودجە کارەکانی بەردەوامییی هەیە. وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت کار دەکەن لە پێناو زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی و ڕێکخستنی و بەڕێوەبردنی باشتری دۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرەڕای داگیرکاری، لە خورماتوو ئامادەکاری بۆ ساڵیادی ریفراندۆم دەکرێت

لە خورماتوو وێڕای داگیرکردنی شارەکە لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە، ئامادەکاری بۆ بەرزراگرتنی دووەمین ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**





سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە مامۆستا کەریم ئەحمەد دەکات

بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو بەیان کچی مامۆستا کەریم ئەحمەد سکرتیری پێشووی حزبی شیوعی کوردستان، دوێنێ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو (بەیان)ی کچیانەوە، سەرەخۆشیی لە مامۆستا کەریم ئەحمەد کرد، هاوخەمی گەرمی خۆی دەربڕی و هیوای خواست خوای گەورە خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و سەبوری و دڵنەواییش بە بنەماڵەکەیان ببەخشێت و دوا ناخۆشییان بێت.

هونەرمەندی ناسراوی هەولێر و کوردستان ئەنوەر شێخانی کۆچی دوایی کرد

سەرۆک بارزانی: لەدەستدانی ئەو هونەرمەندە خۆشەویستە بۆ هەموو لایەکمان خەسارەتێکی گەورەیە



سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەممە 2019/9/23 هونەرمەند ئەنوەر شێخانی کە ماوەیەک بوو نەخۆش بوو، کۆچی دوایی کرد. ئەو هونەرمەندە چەند ساڵێک تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە ببوو و بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەریش، ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرابوو. بەم بۆنەیەوە، هەر یەک لە سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرسەنامەیەکدا سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری هونەرمەند و سەرجەم ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی کوردستان کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی سەربازی ئەمەریکی دەکات

مەسرور بارزانی: گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور بەردەوامە

گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراقە

دوێنێ دووشەممە 2019/9/23 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی سەربازی ئەمەریکی کرد بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ گریگۆری کروودەر. لە دیدارەکەدا کە شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە و ستیڤن فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەی بوون، گفتوگۆ دەربارەی دوا پەرەسەندنەکانی عێراق و ناوچەکە کرا. بەتایبەتی هەماهەنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بەگشتی کرد بۆ هاوکارییەکانیان بۆ هێزی پێشمەرگە و ئاماژەی بە هەماهەنگی باشی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش.

لە بارەی پەیوەندی لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵیش جەختی لەوە کردەوە کە گفتوگۆکانمان لە سەر چەندین ئاست بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان لە سەر بنەمای دەستوور. گوتیشی گەیشتن بە ڕێککەوتن لە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراقە.

جوان حەسەن: کەرکووک نوقمی گەندەڵی بووە

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

پارتی

لەگەڵ یەک لیستیی لایەنە کوردستانییەکانە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ڕای دەگەیەنێت ، لەگەڵ یەک لیستیی لایەنە کوردستانییەکانین بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا و شوێنەکانی دیکەش.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بەپێی یاسای بودجەی 2019 عێراق پابەندکراوە بەناردنی موچەی هێزەکانی پێشمەرگە

بڕیاردەری لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند بەمەبەستی ناردنی موچەی پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە گفتوگۆی بەردەوام لەنێوان هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە و ئومێد هەیە بگەنە ڕێککەوتن بۆ ناردنی موچە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە

پاش نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 23-9-2019 شاندێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کرد و دواتر هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لە کۆبوونەوەیەکدا کۆمەڵێ پرسی هەنووکەیی نێوخۆی کوردستان و هەروەها کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدایان باسکرد.

شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوو لە سکرتێری مەکتەبی سیاسی فازیل میرانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هۆشیار زێباری، مەحمود محەمەد، جەعفەر ئیمینکی و کاکە ئەمین نەجار. هەروەها شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتبوو لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەرسەلان بایز، سەعدی پیرە و ئەندامانی سەرکردایەتی شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ، ڕێواز فایەق و بێگەرد تاڵەبانی.



ئازادنەکردنی دەمیرتاش کارەساتێکی یاساییە لە تورکیا

سەرۆکی گشتی جەهەپە ئازاد نەکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، بە کارەساتێکی یاسایی لە تورکیا ناوەبات و داوا دەکات چاکسازی لە دادگاکان و پڕۆژەیاسای لێبوردنی گشتی لە تورکیا بکرێت. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

سوپای عێراق لە دەوروبەری خانەقین کشاونەتەوە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شوێنی گرتوونەتەوە

بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد، بە شێوەیەکی لەناکاو هێزەکانی سەر بە سوپای عێراق لە دەوروبەری خانەقین کشاونەتەوە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شوێنی گرتوونەتەوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

حکوومەتی عێراقی بە فیعلی 80 ملیار دۆلار قەرزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانە



د.جوان ئیحسان سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا ، باس لە پرسی بەشە بودجەی هەرێم و هەوڵەکانی گرفت دروستکردن بۆ بودجە و موچەی هەرێم و هەروەها لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات لەڕێگای چەند یاساییاکەوە کە لە بەغدا دەرچووە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

هونەرمەندی ناسراوی هەولێر و کوردستان ئەنوەر شێخانی کۆچی دوایی کرد



سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەمە 2019/9/23 هونەرمەند ئەنوەر شێخانی کە ماوەیەک بوو نەخۆش بوو، کۆچی دوایی کرد. ئەو هونەرمەندە چەند ساڵێک تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە ببوو و بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەریش، ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرابوو.

ئەنوەر شێخانی لە دایکبووی ساڵی 1951 و دەستپێکی کاری هونەری لە ساڵی 1970 لە تیپی پێشڕەوی سەر بە سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە، یەکەمین شانۆ کە بەشداری تێدا کرد بەناوی "سەرەتان" بوو، بەڵام بۆ تۆماری تەلەفزیۆنی ناوەکەی گۆڕا بۆ "مارەیی". ئەم هونەرمەندە دوای 5ساڵ لە کاری ڕێکخستن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، لە نەورۆزی 1973 بە تۆمەتی سیاسی دەستگیر دەکرێت و لەگەڵ ئەشکەنجەدان و ڕاگواستن بۆ دیوانیە، پاشان ڕادەکات و پەیوەندی بە بارەگای هێزی دەشتی هەولێر دەکات لە دێگەڵە و دەبێتە پێشمەرگە، سەرەتا لە ناوچەی قەڵادزێ دەبێت، دوای نسکۆی شۆڕشیش دەچێتە ئێران و لە ساڵی 1976 دەگەڕێتەوە، ڕاستەوخۆ لە دوای گەڕانەوە دووبارە ڕادەگوازرێتەوە بۆ دیوانیە. خوالێخۆشبوو دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان/ هەولێر بووە لە 1991/3/31 هەروەها دەستەی دامەزرێنەری تەلەفزیۆنی KTV بووە لە ساڵی 1992. دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بووە لە ساڵی 1998 و چوار ساڵیش وەکو سکرتێری گشتی سەندیکا هەڵبژێردرایەوە. لەگەڵ یەکگرتنەوەی سەندیکا و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان لە کۆنگرەی یەکگرتن لە ساڵی 2006 وەکو سکرتێری گشتی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان هەڵبژێردرا و کارەکتەری سەرەکی بوو لە پێشخستنی یەکگرتنەوەکە و ڕێکخراوەکە بوو.

خوالێخۆشبوو زیاتر لە 60 کاری شانۆیی وەکو ئەکتەر و بەڕێوەبەری بەرهەم و دەرهێنان بەشداری کردووە. وەکو ئەکتەرو بەرهەمهێنەریش بەشداری نزیکەی لە 10 فیلمی سینەمایی ناوخۆیی و بیانی دریژ کردووە و فیلمەکان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان دەسکەوتی بەرچاویان هەبووە. هەروەها سەرپەرشتی و بەشداری دەیان درامای کردووە و ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دەیان کورتە فیلم، بەڕێوەبەری بەرهەمی دیکۆمێنتاری، دیارترینیان کە ناوبانگی نێودەوڵەتی بەرچاوی هەبوو؛ "گۆڕە بەکۆمەڵەکان، علی کیمیایی". بەشداری چەندین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیشی کردووە و خاوەنی چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانە.

پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند ئەنوەر شێخانی

سەرۆک بارزانی: لەدەستدانی ئەو هونەرمەندە خۆشەویستە بۆ هەموو لایەکمان خەسارەتێکی گەورەیە



سەرۆک بارزانی ماوەیەک بەر لە ئێستا پێشوازی لە خوالێخۆشبوو ئەنوەر شێخانی کرد

دوێنێ دووشەمە بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی نیشتیمانپەروەر و ناسراوی شاری هەولێر ئەنوەر شێخانی، سەرۆک بارزانی لە پرسەنامەیەکدا سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری هونەرمەند و سەرجەم ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی کوردستان کرد و ڕایگەیاند: لەدەستدانی ئەو هونەرمەندە خۆشەویستە بۆ هەموو لایەکمان خەسارەتێکی گەورەیە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی نیشتیمانپەروەر و ناسراوی شاری هەولێر ئەنوەر شێخانیمان پێگەییشت. لەدەستدانی ئەو هونەرمەندە خۆشەویستە بۆ هەموو لایەکمان خەسارەتێکی گەورەیە.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو ئەنوەر شێخانی و هەموو ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی کوردستان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم. لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی

23ی9ی2019

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرەخۆشی لە خانەوادەی هونەرمەند ئەنوەر شێخانی دەکات

نێچیرڤان بارزانی: مامۆستا ئەنوەر شێخانی خزمەتێکی گەورەی بە هونەری کوردی کردووە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند ئەنوەر شێخانی، سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزیان و هونەرمەندانی کوردستان کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی خانەوادەی بەڕێزی مامۆستای هونەرمەند ئەنوەر شێخانی و کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانی و تەواوی هونەرمەندانی کوردستان دەکەم، هاوەدرد و هاوخەمیانم. خوای مەزن سەبووری و دڵنەواییی هەمووان بداتەوە و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

مامۆستا ئەنوەر شێخانی کە ناوێکی دیاری هونەری کوردییە، خزمەتێکی گەورەی بە هونەری کوردی کردووە و هەموو تەمەنی خۆی بە هونەر بەخشی بە کار و خزمەت و بەرهەمە هونەرییەکانی، بۆ هەمیشە یادی بە خێر و بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

23/9/2019

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ بنەماڵەی هونەرمەند ئەنوەر شێخانی

مەسرور بارزانی: ئەنوەر شێخانی خزمەتێکی زۆری هونەری کوردیی کردووە



دوێنێ دووشەمە بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند ئەنوەر شێخانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرسەنامەیەک ئاڕاستەی بنەماڵەکەی دەکات و دەڵێت "مامۆستا ئەنوەر شێخانی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بواری فیلم و شانۆی کوردیدا هەبوو، خزمەتێکی زۆری هونەری کوردیشی کردووە". ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناسراوی کورد (ئەنوەر شێخانی) م بیست . مامۆستا ئەنوەر شێخانی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بواری فیلم و شانۆی کوردیدا هەبوو ، خزمەتێکی زۆری هونەری کوردیشی کردووە. پرسە وسەرەخۆشی گەرم لە بنەماڵەکەی دەکەم و ئومێدەوارم خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

2019/9/23

پرسەنامەیەک لە ڕۆژنامەی (خەبات)ەوە

بۆ خانەوادەی هونەرمەندی ڕەحمەتی ئەنوەر شێخانی

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورە ئەنوەر شێخانی ـ برای هەردوو هاوکارمان (جەوهەر شێخانی و عەلی شێخانی)مان پێگەیشت. کە دوای ململانێیەکی دوورو درێژ لەگەڵ نەخۆشیەکەیدا وەغەری کرد.

شێخانی یەکێک بوو لەو هونەرمەندە بەتوانایانەی هەر لەتەمەنی لاوێتییەوە خزمەتێکی زۆری هەردوو بواری کوردایەتی و شانۆی کوردی کرد و خەرمانێک بەرهەمی شایستەی لەدوای خۆیدا جێهێشت.

بەناوی سەرنووسەرو سەرجەم ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسەو سەرەخۆشی لەخانەوادەکەی و سەرجەم هونەرمەندانی کوردستان دەکەین و لەخودای مەزنیش داواکارین هێوری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێ و ڕەحمەتیش بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

خەبات

پەرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی هونەرمەند ئەنوەر شێخانی

کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە زیانێکی گەورەیە بۆ هونەر و شانۆی کوردیمان

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند و شانۆکاری ناسراوی گەلەکەمان ئەنوەر شێخانی، سەرەخۆشی لە کەسوکار و بنەماڵەو سەرجەم هونەرمەندانی کوردستان دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان خانەوادەی هونەرمەند و شانۆکار (ئەنوەر شێخانی)

خەمباربووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند و شانۆکاری ناسراوی گەلەکەمان (ئەنوەر شێخانی) بەو بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم هونەرمەندانی کوردستان دەکەین.

هونەرمەند و شانۆکار (ئەنوەر شێخانی) ساڵی 1951 لە دایکبووە و لەتەمەنی 19 ساڵیدا دەستی بە کاری شانۆیی کردووە، لە ساڵی 1970 ئەندامی تیپی پێشڕەوی سەر بە سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بووە و دواتر بەڕێوەبەری هونەری کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی/مەڵبەندی گشتی بووە.

هەڤاڵی ناوبراو لە ساڵی 1991 ڕۆڵی دیاری هەبووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان/هەولێر و، لەساڵی 1992 یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی تەلەفزیۆنی کوردستان"Ktv".

هونەرمەند ئەنوەر شێخانی ماوەیەک سکرتێری گشتی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان بووە و کەسایەتییەکی دیاری بواری شانۆ و دراما و فیلمی کوردی بوو و، لەو ڕێگایەوەش خزمەتێکی زۆری بەو بواره کردووەو خاوەن ئەرشیف و گەنجینەیەکی هونەری تایبەت بەخۆیەتی و، چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانی ناوخۆیی و بیانیی پێ بەخشراوە.

بێگومان کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە زیانێکی گەورەیە بۆ هونەر و شانۆی کوردیمان، ئومێدەوارین هاوخەمیی هونەرمەندان وشانۆکارانی هاوپیشەی هونەرمەندی کۆچکردوو مایەی دڵنەوایی و سەبووری ئێوەو گشت لایەک بێت.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمات دووپات دەکەینەوە و لەخودای گەورە داواکارین سەبووری بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

2019/9/23

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە فەرماندەی هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و سوریا کرد

مەسرور بارزانی: ئاماژەی ئەرێنیمان لە بەغدا پێگەیشتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان لە سەر بنەمای دەستوور

هەماهەنگییەکی باش لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش



داعش هێشتاش لە چەند ناوچەیەکی عێراق هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی خەڵک

دوێنێ دووشەممە 2019/9/23 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە میجەر جەنەرال ئیریک هیل فەرماندەی هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و سوریا کرد.

لە دیدارەکەدا، سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوە کرد کە داعش هێشتاش لە چەند ناوچەیەکی عێراق هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی خەڵک و ئاستەنگە لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان. گوتیشی هەماهەنگییەکی باش لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش.

لەبارەی گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالیش سەرۆکی حکوومەت ڕوونیکردەوە کە ئاماژەی ئەرێنیمان لە بەغدا پێگەیشتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان لە سەر بنەمای دەستوور.

فەرماندەی هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی هێزی هاوپەیمانیش خۆشحالی خۆی نیشاندا بەرامبەر ئەو هەماهەنگییەی لە نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان هەیە و ئامادەیی دەربڕی بۆ پێشکەشکردنی هەر هاوکارییەک کە پێویست بێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژە بوودجەی ساڵی 2020 ە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکاریەکانە بۆ دارشتنی پرۆژە بوودجەی ساڵی 2020 و لەو پێناوەشدا لێژنەی باڵای ئامادەکردنی بوودجە کارەکانی بەردەوامیی هەیە. وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت کار دەکەن لە پێناو زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی و ڕێکخستنی و بەڕێوەبردنی باشتری دۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان.

حکوومەتی هەرێم دەیەوێت بۆ ساڵی ئایندە پرۆژە بوودجەی خۆی بنێرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی پەسەندبکرێت. لەوبارەیەوە گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەحمەد عەبدولڕەحمان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: لێژنەی باڵای ئامادەکردنی پرۆژە بوودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژە بوودجەی ساڵی 2020ـە و پرۆسەی ئامادەکارییەکە بەردەوامیی هەیە. ئەحمەد عەبدولڕەحمان گوتیشی: پرۆژەی بوودجە وەکو یەکێک لە پرۆژە گرنگەکان تەماشادەکرێت و دەمانەوێت لەو ڕێگەیەوە ئیدارەیەکی باشی سێکتەری داهات و خەرجی لە هەرێمی کوردستاندا بدەین، ئەوەش دەرگایەکی باش لەسەر بابەتی شەفافییەت لە داهات و خەرجی لە هەرێم دەکاتەوە، ئەمەش باشە بۆ لایەن و دامەزراوە چاودێرییەکان بۆ ئەوەی بتوانن وردتر چاودێریی داهات و خەرجییەکان بکەن.

ئەو گوتیشی: ئێمە بۆ زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی و ڕێکخستنی بواری دارایی و بەڕێوەبردنی باشتری دۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان، بەردەوام کاردەکەین.

ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی پەروەردەوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی لە وتاری دەستپێکردنی پرۆسەی خوێندن کە لە قوتابخانەیەکی دهۆکدا ڕۆژی شەممە پێشکەشیکرد گوتی "بە پێی بەداواچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەرێمی کوردستان پێویستی بە 35000 پۆلی دیکە هەیە بۆ ئەوەی لە کێشەی چەند دەوامی ڕزگاری بێت". بەڵام بە داخەوە کۆمەڵێک سایت ژمارەکەیان بە هەڵە نووسیوە سێ هەزار و پێنجسەد "3500" پۆل. لە کاتێکدا ڕاستییەکەی سی و پێنج هەزار "35000" پۆلە .

پارتی لەگەڵ یەک لیستیی لایەنە کوردستانییەکانە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان



هێزی مەزهەبگەری لیبێە، نەک نیشتمانی و هێزی هاوبەشی لێ نییە، بەڵکوو حەشدی شەعبی لیبێیە و حوکم دەکات، بۆیە جێی گومانیشە ئەگەر بۆ داهاتوو هەڵبژاردن بکرێت، هەڵبژاردنێکی پاک بێت.

بریفکانی گوتیشی: لەو دۆخەدا زۆر گرنگە لایەنە کوردستانییەکان یەکدەنگ بن و بەیەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوادا بکەن کە بڕیارە لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق 1ی نیسانی ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت و ئێمە لەگەڵ یەک لیستیداین تەنانەت بۆ کەرکووک و شوێنەکانی دیکەش، ململانێی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان لەم ناوچانە لەگەڵ یەکتر زیانی زۆر دەکەین و پێویستە یەکڕیز بین وەکوو کورد و یەک لیستی زۆر پیرۆزە لامان.

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ڕای دەگەیەنێت ، لەگەڵ یەک لیستیی لایەنە کوردستانییەکانین بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا و شوێنەکانی دیکەش. هاشم بریفکانی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لە سروشتی نییە و خەڵکی ئەم ناوچانە زیاتر ئاوارەن لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لە هەولێر و دهۆکن، لە ناوچە کوردستانییەکانیش زیاتر فراکسیۆنی پارتی، بە خەباتی ڕاگەیاند: بەهۆی ئەو ڕەوشەی کە هاتووەتە ئاراوە لە ناوچە کوردستانییەکان دۆخەکە

د. ناسر هەرکی بۆ «خەبات»:

بەپێی یاسای بودجەی 2019 عێراق پابەندکراوە بەناردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە



بڕیارەدەری لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند بەمەبەستی ناردنی مووچەی پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە گفتوگۆی بەردەوام لەنێوان هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە و ئومێد هەیە بگەنە ڕێککەوتن بۆ ناردنی مووچە.

د. ناسر هەرکی بڕیارەدەری لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند: دوای سەردانی سەرۆک وەزیرانی هەرێم بۆ بەغدا و نیشاندانی نیازپاکی حکوومەت بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کێشە کەلەکەبووەکانی نێوان هەردوولا، شاندی دانووستاندنکار لەهەردوولا پێکهێنران بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق ، دەربارەی پرسی نەوت و مووچە و ناوچە جێناکۆکەکان و گەڕانەوە و پڕچەککردنی پێشمەرگە و ناردنی مووچە بۆیان کە هەنگاوی باشی بڕیوە و لێک نزیکبوونەوەی باش لەنێوان هەردوولادا هەیە.

ناوبراو ڕاشیگەیاند: پرسی ناردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن بەغداوە بە چڕی گفتوگۆی لەسەرکراوە بۆیە ئومێد هەیە بەم نزیکانە بگەنە ڕێککەوتن بۆ ناردنی مووچەی پێشمەرگە لەلایەن حکوومەتی ناوندەوە. بڕیارەدەری لێژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوەش کرد: بەپێی یاسای بودجەی ساڵی 2019 حکوومەتی عێراق پابەندکراوە بەناردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە لەچوارچێوەی وەزارەتی بەرگری عێراق ، بەبڕی 68 ملیار دینار بۆهەرمانگێک بەڵام تائێستا هیچ بڕە پارەیەک لەلایەن وەزارەتی بەرگری عێراق وەو بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان نەنێردراوە.

مونا قاوەچی بۆ «خەبات»:

کۆدەنگی سیاسی بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاسای چاکسازی هەیە

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات، کۆدەنگی سیاسی بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاسای چاکسازی، هەیە. مونا قاوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، پەرلەمانی کوردستان چاوەڕێی پرۆژەیاسای چاکسازی دەکات، کە بڕیارە حکوومەت بینێرێت. مونا قاوەچی هەروەها ڕایگەیاند، حکوومەت ئامادەکاری بۆ ناردنی پرۆژەیاساکە بۆ پەرلەمان کردووە و کەی نادیە پەرلەمان، ڕێکارە یاساییەکانی تێپەڕاندنی پرۆژەکە دەست پێ دەکەین.

لە بارەی ڕای فراکسیۆن و لایەنە سیاسییەکانیش لەسەر پرۆژەیاساکە، سکرتێری پەرلەمان ڕایگەیاند، لە کاتی سەردانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ لای لایەنە سیاسییەکان، تێبینیی ئەوەیان کردووە، کۆدەنگی لایەنەکان بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاساکە هەیە.

شاندی حکوومەتی هەرێم بەشداریی کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات



دوێنێ 74ـەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستپێکردو شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشداری کۆبوونەوەکە دەکات.

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە بە کاتی نیویۆرک 74ـەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەشداریی سەرکردە و نوێنەری 193 وڵاتی ئەندام لە ڕێکخراوەکە لە بارەگای سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستپێکرد و گۆڕانی کەشوهەوا و کێشەی ئێران و بازرگانی نێودەوڵەتیش تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکان بوو.

هەڵگورد سالەیی، بەڕێوەبەری پرۆتۆکۆل لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە: لە چوارچێوەی شاندی عێراق دا سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە 74ـەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک دەکات.



کامەران قازی بۆ «خەبات»:

ریفراندۆم ئیرادە و دەنگی هاوۆلاتییانی کوردستانی تۆمارکرد

ریفراندۆم لە هزر و بیری تاکی کورد و کوردانی تاراوگەدا ناسڕێتەوە

ریفراندۆم متمانە و باوەڕبەخۆبوونی بە مرۆڤی کورد بەخشی



ساسان دەروێش – سوید

یادەوەری رۆژانی بانگەشەکردن بۆ ریفراندۆم و بەڕێوەچوونی چالاکییەکانی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لە 25ی ئەیلوولی 2017 کاریگەری زۆری لەسەر تاکی کورد جێهێشت بۆ ئەوەی چیتر دەستبەرداری ماف و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان نەبێت و دڕێژە بە خەبات و تێکۆشانی مەدەنیانەی خۆیان بدەن. لە بیرەوەری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دەنگدەران و سەرکەوتنی پرسەکە و دەنگدانەوەی لە جیهاندا، کامەران قازی، ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی لە وڵاتی سویدەوە بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسی لە ڕیفراندۆم کرد و لە بەشێکی گفتوگۆکەدا ریفراندۆم وەک گرنگترین هەنگاوی سیاسی ناودەبات.

ریفراندۆم و چەند خاڵێکی گرنگی میژوویی

کامەران قازی باسی لە هەڵبژاردنی کاتوساتی ریفراندۆم کرد و گوتی: ئەو ریفراندۆمەی لە ساڵی 2017 لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، گرنگترین هەنگاوی سیاسی نەتەوەی کورد بوو لەم بەشەی نیشتمانداد، شەڕی داعش هەرچەندە هەڵگری کۆمەڵێک خەسارەی گیانی و مالّی و جینۆسایدکرانی نەتەوەیی بوو، بەڵام هاوکات کۆمەڵێک دەرفەتی میژوویشی بۆ کورد ڕەخساند، کە بەخۆشییەوە هەوڵەکان لە کیس نەچوون و باشترین کەڵکی سیاسیان لێ وەرگیرا، کاتی ریفراندۆم زۆر باش بوو، بە پێچەوانەی هەندێ کەس کە دەیانگوت کاتی ریفراندۆم لەبار نییە، بە بڕوای من، کاتەکە گونجاو و لەباربوو، بەتێبینییەوە هەڵبژێردرابوو لەبەر ئەوەی یەکەم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک ئەندازیاری پڕۆژەکە، دەیزانی حکوومەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش ڕووی لە نەمانە و لە دوای نەمانیشی، دیسانەوە دەوڵەتی عێراق هێز دەگرێتەوە و داعشێکی تر سەرهەڵدێنێتەوە، کە ئەمجارە مەشروعییەتی دەوڵەت و حکوومەتێکی هەیە و بەم ئاسانییە ناکرێ دەروەستی بێی، هەر بۆیە هەلەکەی قۆستەوە، بەڵکوو تا زووە هەوڵی خۆی بۆ دەربازبوونی کورد لەم قۆناغە ناسەقامگیرە بدات. دووهەم: بەهۆی بوونی هێزەکانی هاوپەیمان لە شەڕی داعشدا میدیای ئەم وڵاتانە بەوردی ئاگایان لە ڕووداو و هەواڵی هەڵوێستی دیموکراسیی کورد بەخێرایی جیهانی دەرکرا و هەر ئەمەش وای دەکرد زلهێزان و دەوڵەتانی کاریگەر لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا نەتوانن بە ئاسانی کورد پشتگوێبخەن، لانیکەم نە بە ئاسانی ساڵانی ڕابردوو. سێیەم: ناوبانگی کورد و پێشمەرگە وەک هێزێکی ڕزگاریخواز کە دژی شەیتانێک بەناوی داعش نێوەندی ڕایگشتی ئەورووپا دەنگدانەوەی هەبوو، وشەی پێشمەرگە بۆ خەڵکی کوچە و بازاڕی ئەورووپا چیتر نامۆ نەبوو و بەڕێزەوە باسی دەکرا. چوارەم: هەموو بیرە نەوتییەکانی کەرکووک لە دەست کورد دابوون و پێشمەرگە دەیانپاراست، بۆیە نیگەرانی بۆ دابینکردنی بودجە و بژێوی خەڵکی کوردستان لە گۆڕێدا نەبوو.



پێنجەم: هێزەکانی عێراق ی بەهۆی شەڕ لەگەڵ داعشدا و هەروەها بەشێک لەم خالانەی لەسەرەوە باسیان کرا، دەرفەتی هێرش بۆ کوردستان و تێکدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمێکی دیموکراسیان نەبوو، لە ئاکامدا هەموو لایەنێک بە ئازادیی چوونە سەر سندوقی دەنگدان و بێ دڵەڕاوکێ و هەڕەشە و پیلانی پیلانگێڕان، پرۆسەی دەنگدان لە کەشێکی زۆر ئازاد و دیموکراسیدا کۆتایی پێهات و زیاتر لە 93 لەسەدی دەنگدەران دەنگی خۆیان بە سەربەخۆیی کوردستان دا، بۆیە ئەوە لە لایەن هەندێ کەسەوە دەگوترا کاتەکە لەبارنەبوو، بژوونێکی ڕاست و ڕەوا نییە.

ریفراندۆم سنووری داگیرکاریی کوردستانی هەڵتەکاند

هەروەها کامەران قازی لە درێژەی قسەکانیدا لەبارەی پەیامی ریفراندۆم و کوردبوون بۆ خەبات گوتی: ریفراندۆم هەڵگری پەیامێکی زۆر گەورەی دیکەش بوو، ئەویش ئەوەیە سنووورەکان نەیانتوانی بوو ڕۆحی نەتەوەیی کورد لە ئاستی یەکتر دوورەپەرێز و دابڕاو بکات، ڕێک شەوی کۆتایی سەرکەوتووانەی ریفراندۆم لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەوە، سەرەڕای زەبروزەنگی دەسەڵاتداران، کوردستانییان ڕژانە شەقامەکان و بە دەربڕینی هەستی خۆشی و شادی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، حەماسێکی نەتەوەییان خوڵقاند کە خۆی لە خۆیدا ڕیفراندۆمێک بوو .

ریفراندۆم سەرکەوتوو بوو

هەر لەبارەی دەرئەنجام و سەرکەوتنی پرۆسەکەش کامەران قازی گوتی: خاڵی هەرە گرنگ لەمەڕ ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان ئەمە بوو کە بە ئیرادە سەرکردایەتی و تێکۆشان و ڕاوەستان بەرانبەر دژبەران هەڵومەرجێک خوڵقێندرا، مرۆڤی کورد توانی ئازادانە و سەربەستانە بۆ یەکەمجار لە میژوودا لە ریفراندۆمێکدا دەنگ بە چارەنووسی سیاسیی خۆی بدات، دیارە هەروەک پێشبینی دەکرا، زۆربەی نزیک بە تەواوی دەنگدەران، دەنگیان بە سەربەخۆیی دا.

ڕیفراندۆم کاری خۆی کرد و ویست و دەنگی خەڵکی کوردستانی تۆمارکرد

هەروەها بەبڕوای کامەران قازی ویست و دەرئەنجامی ریفراندۆم ئاوێتەی یەکتربوون و گوتی: ریفراندۆم و ئاکامەکانی، بەڵگەیەکی سیاسی گەورە و گرنگە بۆ ئەوەی لە کاتی لەباری سیاسی دا، پشتی پێببەسترێت و سەربەخۆیی پێ ڕابگەیەندرێت .

رووداوەکانی پاش ریفراندۆم و داگیرکرانی کەرکووک

لە کۆتایشدا لەمەڕ رووداوەکانی پاش ریفراندۆم کامەران قازی گوتی: نە هیچ لە بایەخی ریفراندۆم کەمدەکاتەوە و نە لە دروستی بڕیارەکەی و نە هۆکاری داگیرکردنەکەش ریفراندۆم بوو، لە ڕاستیدا وڵاتانی ئیقلیمی هەر لە 2016ـەوە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ داگیرکردنی کەرکووک و مەخمور و شنگال، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر خیانەت ڕووی نەدابایە، سەرەڕای ئەوەی ماوەیەک کوردستان دەکەوتە گەمارۆ و تەنگانەوە، بەڵام 6ی مانگی نەدەخایاند کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستیان دەکردەوە بە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کوردستان و حکوومەتەکەی و ئاکامەکانی ریفراندۆمیان قبووڵ دەکرد، ریفراندۆم هەنگاوێک و پرۆسەیەک بوو، هاوشێوەی کۆماری کوردستان، متمانە و باوەڕبەخۆبوونی بە مرۆڤی کورد بەخشی، ئەو هەنگاوە میژوویییە، گەرچی لەم قۆناغەدا نەگەیشتە سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەت، بەڵام گوڕوتینێکی بە کوردایەتی و خەبات بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە بەخشی، کە دیسان لە دەرفەتی لەبارەدا سەربەخۆیی ببتەوە ڕۆژەڤی خەڵک و ڕێبەرایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

به بەشداری 300 کۆمپانیا لە 22 وڵاتی جیهانەوە
پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر دەکرێتەوە



بە مەبەستی خستنەڕووی وردەکارییەکانی کردنەوەی سیانزەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر لە کەرتی بازرگانی، ڕێکخەرانی پێشانگاکە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان سازکرد. بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای IFP-عێراق بۆ ڕێکخستنی پێشانگا نێودەوڵەتییەکان، جۆرج خوری گوتی: لەم پێشانگایەدا، 300 کۆمپانیا لە 22 وڵاتی جیاوازەوە بەشدارن ئەوانیش عێراق ، ئێران، فەرەنسا، چیک، کوێت، قەتەر، هیندستان، لوبنان، سریلانکا، ئۆکراینا، کەنەدا، چین، پۆڵۆنیا، ئیمارات، سوید، میسر، سعوودیە، ئوردن، کینیا، تورکیا، ئەمەریکا و هۆڵەندا کە لە کۆتایی ئەم مانگەدا دەکرێتەوە و ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت.

جۆرج خوری گوتیشی: بۆ ئەمساڵ هاوکات دوو پێشانگای گرنگ دەکرێنەوە، یەکەمیان پڕۆژەیەکت عێراق کە پێشانگای بازرگانی نێودەوڵەتی بۆ کەرتەکانی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە و کارەبایە، دووەمیشیان پێشانگای خۆراکی کشتوکاڵییە. بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای IFP-عێراق بۆ ڕێکخستنی پێشانگا نێودەوڵەتییەکان ڕاشیگەیاند کە پێشبینی دەکرێت ئەم پێشانگایە سەرنجی ژمارەیەکی زۆری پسپۆڕ و خاوەنکار و خاوەن پڕۆژە و بازرگانەکان لە هەموو ناوچەکانی عێراق ڕابکێشێت و ئەمەیشی بە هەنگاوێکی گرنگە وەسفکرد بۆ پەرەپێدانی کەرتی ئابووری هەرێمی کوردستان.

جۆرج خوری لە بارەی وادەی کردنەوەی پێشانگاکە گوتی: ئەم پێشانگایە لە ڕۆژی دووشەمە، 2019/9/30 کاتژمێر 11ی بەیانی دەکرێتەوە و ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێت کە جگە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی ژووەر بازرگانی و پیشەسازییەکان، بەشێکی زۆر لە کۆنسوڵخانەکان ئامادەدەبن کە پشتگیری کۆمپانیاکانی وڵاتەکانیان دەکەن. هەروەها لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا نوێنەری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، کاوە سەعید باسی لەوەکرد کە سێ هەزار کۆمپانیای خۆمالّی و 900 کۆمپانیای بیانی لە کوردستان لە بواری هاوردەکردن و هەناردەکردن کاردەکەن و جەختی لەوەشکردەوە کە بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاریی و ئاسانکارییەکن بۆ کۆمپانیاکان. دواتر ئەمینداری گشتی یەکێتی ژووەر بازرگانییەکان، شڤان عەبدولڕەحمان ڕایگەیاند کە 29هەزار کۆمپانیای خۆمالّی و چوار هەزار کۆمپانیای بیانی لە ژووەر بازرگانییەکان تۆمارکراون.

هاوکات سەرپەرشتیاری گشتی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر، سۆران قادر گوتی: ئەمساڵ بە گشتی 22 پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەولێر دەکرێنەوە و بەردەوام دەبین لە کردنەوەی پێشانگاکان بۆ ئەوەی کەرتی ئابووری گەشە بکات، ئەمساڵیش زیاتر لە دوو هەزار و 600 کۆمپانیا بەشداریان لە پێشانگاکاندا کردووە.

سەرەڕای داگیرکاری، لە خورماتوو ئامادەکاری بۆ ساڵیادی ریفراندۆم دەکرێت

لە خورماتوو وێڕای داگیرکردنی شارەکە لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە، ئامادەکاری بۆ بەرزڕاگرتنی دووەمین ساڵیادی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت.

ئارام حەسەن، گەنجێکی دانیشتووی شاری خورماتووە، بە خەباتی ڕاگەیاند: لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، خەڵکی خورماتوو لە 25 ئەیلوولی ساڵی 2017 زۆرینەیان بە (بەڵێ) دەنگیان بۆ ریفراندۆم دا و خەڵک ئومێدی گەورەی هەبوو لەم سنووورە ئیتر ڕزگاریان بێت لەدەست زوڵم و زۆری و ئەو ڕۆژە خەڵک زۆر دڵخۆش و گەشبین بوو". ئەو گەنجەی خورماتوو گوتیشی: بەداخەوە پاشان بینیمان لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 شارەکەمان لەلایەن حەشدی شەعبییەوە داگیرکرا و دانیشتوانەکەی ئاوارە بوون، هەروەها حەشدی شەعبی سەدان خانوو و دووکان و چێشتخانە و کارگەی هاوۆلاتییانی کوردیان بە تاڵان برد و سووتاندیان، بەڵام ئێمە هەر ئومێدی ئەوە دەکەین ڕۆژێک بێت و ئەنجامی ئەو ریفراندۆمە سەربگرێت و کورد ببێتە دەوڵەت. ڕاشیگەیاند: وەک ژمارەیەک گەنجی سەربەخۆخواز، دەمانەوێت چەند چالاکییەک بە بۆنەی دووەمین ساڵیادی ریفراندۆم لە شاری خورماتوو ئەنجام بدەین کە سەرەکیترینیان هەڵواسینی ژمارەیەک لافیتەیە کە زیاتر پیرۆزباییە لەو ڕۆژە و دەمانەوێت لە شوێنە گشتییەکان هەڵیبواسین، هەروەها دەمانەوێت وەک ژمارەیەک گەنج لە شوێنێک گردبینەوە و ئەو ڕۆژە پیرۆز ڕابگرین.



شێخ جەعفەر مستەفا بۆ خەبات:

سوپای عێراق لە دەوروبەری خانەقین کشاونەتەوە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شوێنی گرتوونەتەوە

بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد، بە شێوەیەکی لەناکاو هێزەکانی سەر بە سوپای عێراق لە دەوروبەری خانەقین کشاونەتەوە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شوێنی گرتوونەتەوە.

شێخ جەعفەر مستەفا، بەرپرسی لقی15ی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، دوێنێ دووشەمە 23ی9ی2019 سوپای عێراق لە دەوروبەری خانەقین تا جەلەولا کشایەوە. ئەو بەرپرسەی پارتی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە شوێنی ئەو هێزانەی کشاونەتەوە، هێزێکی دیکە هاتوون کە خۆیان بە حەشدی شەعبی ناساندووە.

بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی ڕوونیشی کردەوە، بوونی سوپای عێراق لەم ناوچانە باشتر بوو. گوتیشی: دۆخی ناوچەکە ئالۆزە، لە هەر ئەگەرێکدا دەبێت چاوەڕوانی کاردانەوە بکرێت، جگە لەوەی ئێستا دەستکراوە بە کۆکردنەوەی واژۆ لەلایەن خەڵکەوە بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ سنووری خانەقین.


ئەمە لە کاتێک دایە کە تاوەکوو ئێستا هیچ زانیارییەک لەبارەی هۆکاری کشانەوەی سوپای عێراق لەم ناوچانە ئاشکرا نەکراوە.

د.جوان ئیحسان: حکوومەتی عێراقی بە فیعلی 80 ملیار دۆلار قەرزاری حکوومەتی هەرێمە

دەیانەوێت بە زۆر ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستان هەیەتی لێی بسەنن‌ەوە

لەناو پەرلەمانی عێراقدا جۆرێک لە کەمپینی ڕانەگەیەنراو دژی هەرێمی کوردستان هەیە

لەکاتی ڕیفراندۆم پێچەوانەی دەستوور سوپای عێراقیان دژی هەرێم بەکارهێنا



د.جوان ئیحسان سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، باس لە پرسی بەشە بودجەی هەرێم و هەوڵەکانی گرفت دروستکردن بۆ بودجە و موچەی هەرێم و هەروەها لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات لەڕێگای چەند یاسایەکەوە کە لە بەغدا دەڕچووە.

حکوومەتی ناوەندی عێراق.

جوان ئیحسان دەشڵێت: ئەوەندەی من بزانم هەرێم و بەغدا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک لەوبارەیەوەو دانوستانەکانیش هەر بۆ ئەوەیە لە ئێستادا. ئەوەی ئێمەش گوێمان لێبوو ئەوەیە کە حکوومەتی عێراقی بە فیعلی 80 ملیار قەرزاری حکوومەتی هەرێمە لە 2004ەوە تا 2014 لە 2014ەشەوە تا 2018 بەدوو بەش حکوومەتی عێراق قەرزارە، لەهەمانکاتدا هەرێمی کوردستان قەرزارێکی زۆری کۆمپانیا نەوتیەکانە.

د.جوان ئەوەشی گوتووە: ئەوەی کەهەیە و هەستی پێدەکرێت ئەو نیەتە هەم لە بەغدادەوە هەم لەهەرێمیشەوە هەیە کەچەندێک لێکتێنەگەیشتن و ناکۆک بن لەسەر بابەتەکان بەڵام نەگاتە سەر ئەوەی نزیکی موچەی خەڵک ببێتەوە.

د.جوان ئاماژەی بەوەش کردووە کە لەناو پەرلەمانی عێراقدا جۆرێک لە کەمپینی ڕانەگەیەنراو دژی هەرێمی کوردستان هەیە، دەشڵێت: کێشەکەی ئێمە ئەوەیە ناوەڕاستی سالّی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێت، بابەتی بڕینی بەشە بودجە و موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەکاردەهێنن وەک بانگەشەی هەڵبژاردن و چەندە دژایەتی هەرێم بکەن ئەوەندە شانازی پێوە دەکەن، بابەتەکە لە یەک و دووان چۆتە دەرەوە، هەروەک حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق دژایەتیان بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامە هەروەک بینیمان لەکاتی ڕیفراندۆم پێچەوانەی دەستووری عێراقی سوپای عێراقیان دژی هەرێم بەکارهێنا، وە ئێستاش دەیانەوێت بە زۆر و بە فشاری یاسا ئەوە بکەن ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستان هەیەتی لێی بسەنن‌ەوە و هەموو دەسەڵاتەکان لەهەرێم دابماڵرێن ئەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت یاسایەک و دوان نییە، چەندین یاسا هەیە کەدەیانەوێت ئەو دەسەڵاتانەی دراوە بەهەرێمی کوردستان وە ئەو نیمچە سەربەخۆیەی هەرێمی کوردستان لەسالانی ڕابردوودا (ئێستا نا) "تەمەتوع"ی پێوەدەکرد لێی بسەنن‌ەوە، تا وای لێهاتووە چاویان یەک گەندەڵی لە عێراق دا نابینن ئیش و کارییان بۆتە دۆسیەی نەوتی هەرێم.

لەسەرەتای دیدارەکەدا د.جوان باس لەدوایین کۆبوونەوەی سەرۆک فراکسیۆنە کوردییەکان دەکات لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەڵێت: بۆ باسکردن بوو لە بەشە بودجەی هەرێم لەسالّی داهاتوو وەک دەزانرێت بەشی بودجەی هەرێم لە سالّی 2019بەرێککەوتنی سیاسی بوو، بۆیە مەرج نییە ئەمجارە بەهەمان شێوە و بەهەمان بارودۆخی 2019 تێبپەڕێتەوە، بۆیە کۆبوونەوەی ڕابردوومان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم بۆ ئەوەبوو کە حکوومەتی هەرێم گوێبیستی ڕاوبۆچوونی فراکسیۆنە کوردییەکان بێت لەسەر ئەم بابەتە.

سەبارەت بەهۆکاری ڕادەستنەکردنی نەوتیش لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بەبەغدا؟ د.جوان ئیحسان ڕایگەیاندووە: ئێمە ڕاشکاوانە لەسەر ئە بابەتە قسەمان کرد، بەڵام ئەوەی تێبینیمان کرد ئەوەیە کە لێکتێنەگەیشتن هەیە لەنێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ناوەندی عێراق.

جوان حەسەن: کەرکووک نوقمی گەندەڵی بووە

کەس ئاگاداری چۆنیەتیی خەرجکردنی پارەی کەرکووک نییە



دوای ئەوەی ڕۆژی یەکشەمە بە تۆمەتی گەندەڵی قایقامی قەزای ناوەندیی کەرکووک دەستگیر کرا، ئەندامێکی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ، کەرکووک نوقمی گەندەڵی بووە و کەس ئاگاداری میزانیەی پارێزگاکە نییە. جوان حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: قایمقامی قەزای ناوەندیی کەرکووک لەسەر سکالای وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق و بە تۆمەتی گەندەڵی لەلایەن دەستگیر کراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە کەرکووک نوقمی گەندەڵی بووە و ئەو گەندەڵییەی لە کەرکووک هەیە، کەموێنەیە. ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەشڵێت: پارەیەکی زۆری میزانیەی کەرکووک بەهەدەر دەدرێت و کەس ئاگاداری چۆنیەتیی خەرجکردنی پارەی کەرکووک نییە، لەبەر ئەوەی ئیدارەی کەرکووک بۆ خەرجکردنی پارە هیچ پرسێک بە ئەنجوومەنی پارێزگا ناکات و لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەریشەوە ئەنجوومەن نەیتوانیوە چاودێریی حکوومەت بکات. جوان حەسەن ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: گەندەڵییەکی زۆر لە پرۆژەکانی کەرکووکدا دەکرێت، بە تایبەتی ئەو تەندەرانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەدرێن بە خەڵکێک کە نزیکن لە پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک.

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند کە سێ ملیۆن هاوواڵاتی لە ناوچەی تەجاوزدا دەژین و بەغدای پایتەخت ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە. ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ سەربە ئەنجوومەنی نوێنەران، عەلی بەیاتی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بەپێی ئەو ژمارە فەرمییانەی کە لای وەزارەتی پلاندانان تۆمارکراوە، سێ هەزار و 700 ناوچە لە عێراق بە تەجاوز دروستکراوە.

عەلی بەیاتی ڕایگەیاندووە کە تەنها لە شاری بەغدای پایتەخت هەزار ناوچە هەیە بۆیە ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە و دوای ئەویش پارێزگای بەسرە دێت بە 700 ناوچە و دوای ئەوانیش پارێزگاکانی نەجەف و کەربەلا دێن بە 98 ناوچە.

ئاماژە بەوەش دەکرێت کە لەو ناوچانەدا، 522 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بنیاتنراوە کە سێ ملیۆن هاوواڵاتی بە هۆی کەم دەرامەتی، هەژاری و ڕەوشی ئەمنییەوە، تیادا دەژین.

ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، عەلی بەیاتی گوتیشی: دەرکردنی ئەو کەسانە یان ڕووخاندنی خانووەکانیان بەبێ ئەوەی هیچ خانوویەک یان شوێنێکی نیشتەجێبوونی بۆ دابین بکرێت، بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەژمار دەکرێت، چونکە لە دەستووردا، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون وەک مافێک بۆ هاوواڵاتی جێگیرکراوە، بۆیە حکوومەت ئەرکی سەرشانێتی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هاوواڵاتییان دابین بکات.

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند کە سێ ملیۆن هاوواڵاتی لە ناوچەی تەجاوزدا دەژین و بەغدای پایتەخت ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە





سەرۆکی گشتی جەهەپە:

ئازادنەکردنی دەمیرتاش کارەساتێکی یاساییە لە تورکیا

سەرۆکی گشتی جەهەپە ئازاد نەکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، بە کارەساتێکی یاسایی لە تورکیا ناودەبات و داوا دەکات چاکسازی لە دادگاکان و پرۆژەیاسای لێبوردنی گشتی لە تورکیا بکرێت.

بەپێی ماڵپەڕی کوردستان 24 کەمال کلچدارئۆغلّو سەرۆکی گشتی پارتی گەلی کۆماری "جەهەپە" بە ڕۆژنامەی جمهوریەتی تورکی ڕاگەیاندووە: پێویستە لە ماوەیەکی نزیکدا چاکسازی لە دادگاکان و پرۆژەیاسای لێبوردنی گشتی لە پەرلەمانی تورکیا گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت و بکرێتە ڕۆژەف. ئۆغلّو ئەوەشی گوتووە: هەزاران سەرباز و قوتابی بەهۆی چەند تۆمەتێکەوە لە تورکیا دەستگیرکراون و ئێستا تورکیا بووەتە یەکێک لەو وڵاتانەی بە ناداپەروەری ناوەدبرێت. کلچدارئۆغلّو ئاماژەی بەوەش داوە: پێویستە سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە ئازاد بکرێت.

ئازادنەکردنی دەمیرتاش کارەساتێکی یاساییە لە تورکیا. لەلایەکی دیکەشەوە محەمەد ئەمین ئاکتار، پارێزەری سەلاحەدین دەمیرتاش، بە کوردستان24ی ڕاگەیاندووە "ئەوەی دادگا بەڕامبەر بە دۆسیەی دەمیرتاش دەیکات، لە میژووی تورکیادا شتی وا ڕوویناداوە".

پارێزەرەکەی دەمیرتاش ڕاشیگەیاندووە: لەکاتێکدا دادگای بڕیاری ئازادکردنی بۆ دەمیرتاش دەرکردووە، بەڵام بەشێوەیەکی نایاسایی بڕیاری زیندانیکردن بۆ دەمیرتاش دەرکراوە و ئازاد ناکرێت.

جێی باسە سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، بە بیانووی هاوکاریکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان زیندانیی کراوە، چەند سیاسییەکی تورکیا و یەکێتی ئەوروپاش، سزادانی دەمیرتاش بە سیاسی نەک یاسایی لە قەڵەم دەدەن.

بارزان.. کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر سەردانی مەزاری نەمران دەکات



موسلیم دزلەمەری ـ بارزان

بۆ ڕێزگرتن لە گڵکۆی نەمران و خەباتی دەیان ساڵەی بارزانی نەمر بۆ ئازادی ئەمڕۆی کوردستان، لە درێژەی ئەم سەردانانەدا کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر و شاندێکی ڕێکخراوی وار و چەندین کەسایەتی کوردستانی لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد لە بارزان ,دوای بەخێرهێنانیان لەلایەن خەڵات بارزانی و لێژنەی پێشوازی و دانانی تاجەگوڵینە و خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە لەسەر گڵکۆی نەمران ,لەچەند پەیڤێکی جیادا خەبات و شەونخوونی چەندین ساڵەی بارزانی نەمر لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەی بەرزنرخێنرا و کوردستانیانیش سۆز و وەفاداری خۆیان بۆ ڕێبازی پڕ لە خەبات و سەروەری بارزانی نەمر دووپاتکردەوە .

داوا دەکرێت ڕۆژی ڕیفراندۆم بە ڕۆژی نیشتیمانی دیاری بکرێت

بڕیارە ڕۆژی 25ی ئەیلوول لە شاری هەولێر دووەم سالیادی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بەرز ڕابگیرێت ، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش داوا دەکات ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکرێتە ڕۆژی نیشتیمانی گەلی کوردستان. نێچیرڤان کەلاری سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ڕۆژی چوارشەمە 25ی ئەیلوول یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە شاری هەولێر لەژێر ناوی ڕیفراندۆم سپێدەی سەربەخۆیی گەلێک، ساڵیادی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بەرز ڕادەگرێت و مەراسیمێک بەڕێوەدەچێت کە تێیدا ژمارەیەک کەسایەتی سیاسیی دیار بەشدار دەبن و چەندین چالاکی لەخۆدەگرێت.

سکرتێری یەکێتی قوتابیان گوتیشی: یادی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەرکی هەموومانە کە بەرز ڕایبگرین لەبەرئەوەی لە ڕۆژی 25ی ئەیلوولدا گەلی کوردستان بڕیاری خۆیاندا، بۆیە پێویستە ساڵانە ئەو یادە ببێتە کەلتوورێک.

نێچیرڤان کەلاری داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد کە ڕۆژی 25ی ئەیلوول بە ڕۆژی نیشتیمانی دیاری بکرێت تا ئەو ڕۆژەی دەگەینە ئامانجی سەربەخۆیی خۆمان کە دلنیاین ڕۆژێکی گەش چاوەڕێمان دەکات و میللەتی ئێمە بە مافەکانمان شاد دەبین، چونکە ریفراندۆم هەتا کورد و دنیا هەیە هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بەرپرسی لقی 16: شۆڕشی مەزنی ئەیلوول چۆکی بەدڕندەترین ڕژێمی ئەو کاتەی عێراقدا دا



بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بەتەواوی چین و تۆژەکانی کۆمەڵگاکەمان و بۆ ڕێزگرتن لەخەبات و تێکۆشان و شەونخونییان, بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی کەسنەزان و ئیبراهیم شێخەڵا قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر و بەڕێوەبەری تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی هەولێر و جەماوەرێکی زۆری سنوورەکە ڕێکخراوی سەرهەڵدان لەمەراسیمێکی شایستەدا خەڵات و ڕێزلێنانی بەخشی بە ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول. لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر ئاماژەی بەگرنگی شۆڕشی مەزنی ئەیلول کرد و خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو شۆڕشەی لەپێناو بەرگریکردن لەنیشتمان و نەتەوەکەمان بەرز نرخاند کە بەسادەترین چەک و پێداویستییەکانەوە توانییان چۆک بە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا بدەن کە سوپاکەی خاوەنی پێشکەوتووترین چەک و تەکنۆلۆژیای سەربازی ئەو کاتەبوو، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە ئەوەی لەتواناماندا بێت خزمەت بەو تۆژە گرنگەی میللەتەکەمان بکەین .

لەبەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا وەفایەک بۆ ڕێزگرتن لەخەبات و تێکۆشان و شەونخونییان لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووەوە خەڵات و ڕێزلێنان بەخشرایە ژمارەیەک لەتێکۆشەرانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول کە لەسەختترین قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی گەلەکەماندا بەرگرییان لەنیشتمان و نەتەوەکەمان کرد.

پێشمەرگەی فیداکاری ڕێبازی بارزانیی نەمر ئەحمەد حاجی هۆستانی کۆچی دوایی کرد



خەبات ـ سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان ئەحمەد حاجی هۆستانی لە نەخۆشخانەی بلێنی سەر بە دەڤەری بارزان کۆچی دوایی کرد، لە مەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و جەماوەری دەڤەری بارزان و کەسوکار و هاوسەنگەرانی لە گۆڕستانی گەڵاوا نزیک شارۆچکەی بلێنی سەر بە دەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی فیداکار ئەحمەد حاجی هۆستانی لە ساڵی 1932 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی هۆستانی سەر بەدەڤەری بارزان لە دایکبووە و لەو تەمەنەدا بووە کە لەگەڵ بنەماڵەی ئاوارەی تورکیا بوون، ساڵی 1945 لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەیی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبن، کۆڕی قارەمانی ناوداری بارزانییەکان شەهیدی گیانفیدا حاجی هۆستانی کە کەسێکی نزیکی بارزانی نەمر و بنەماڵەی بارزان بووە و یەکێک لە قارەمانەکانی شۆڕشی بارزان بووە لە کاتی بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ناوچەی تەرگەوەڕ شەهید دەبێت، دوای شەهید بوونی کەسوکاری زۆر بە غەریبی گەورە دەبن، خوالێخۆشبوو ئەحمەد حاجی هۆستانی هەر لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی ڕابەری کورد بارزانیی نەمر دەست دەداتە چەک و لە ساڵی 1961 لەگەڵ چوار برای دەچێتە ڕێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان. ساڵی 1965 دوو برای شۆڕشگێڕی ساڵح حاجی هۆستانی و خورشید حاجی هۆستانی لە پێناو ڕێبازی بارزانی نەمر و کوردستان شەهید دەبن، لە سەر ڕێبازی باوکی شەهید و برا شەهیدەکانیان بەردەوام دەبن بۆ خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانی نەمر و دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران دەبن و بەهەمان ڕوحیەتەوە چەکی لە شان دەکات و لە شۆڕشی گوڵان دەبێتە پێشمەرگە و لە سەرەتایەکانی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی 1978 بۆ ڕزگاری قارەمانی شەهیدی فەرمانەدەی مەلا ئەمین بارزانی دوای نەبەرد و قارمانیەتی چەندەها داستان لەگەڵا برای تری شەهید ڕەشید حاجی هۆستانی و پۆلێکی پێشمەرگە شەهید دەبن، خوالێخۆشبوو ئەحمەد حاجی هۆستانی بەردەوام دەبێت لە سەر ڕێبازی باوک و 4 برا شەهیدەکانی و هەردەم چەک لە شان بووە بۆ بەرگری کردن لە کوردستان، دوای چەندەها ساڵ ئاوارەیی دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان لە گوندی گەڵاوا نزیک شارۆچکەی بلێنی سەر بە دەڤەرەکە نیشتەجێ دەبێت و لەبەر خەبات و ماندووبوونی چەندەها ساڵەی دەبێتە خانەشینی پێشمەرگە، جگە لە پێشمەرگایەتی مرۆڤێکی دڵسۆز و خۆشەویستی هاوسەنگەران و دەڤەرەکەی بووە و کەسایەتی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان بووە، ماوەی چەند ساڵ لەبەر خەبات و قارەمانیەتی تووشی نەخۆشی ببوو و لە تەمەنی 87 ساڵی کۆچی دوایی کرد.

پرسەو سەرەخۆشی

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو مەلا محەمەد ڕەزگەیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری دەڤەری پشدەر خوالێخۆشبوو محەمەد قادر حەمەد ناسراو بە مەلا محەمەد ڕەزگەییمان بیست. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی کەسوکار و خزم و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

وەزیری کارەبا گرنگی بە کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی باشتری سیستەمی کارەبا دەدەین



بەمەبەستی پێشخستن و سەرپەرشتیکردنی ئیشپێکردنی سیستەمی کارەبا و لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە جێبەجێکردنی پرۆژەی مینی سکادا پێش نیوەڕۆی دوێنێ ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا لەگەڵ مۆراد ئارسان بەرپرسی کۆمپانیای ئۆسکۆمی جێبەجێکاریی پرۆژەی مینی سکادا کۆبووەوە، وەزیری کارەبا ویڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان لەنزیکەوە گوێبیستی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بوو کە نزیکەی لە 95%ی کارەکانی تەواو بووە، لەوتەیەکیشیدا وەزیری کارەبا باسی لەگرنگی پرۆژەی مینی سکادا کرد کە بۆ سەرپەرشتیکردن و کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی سەرجەم وێستگەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کارەبا سوودی زۆری هەیە و دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە سەرپەرشتیەکی باشتری سیستەمی کارەبا بکرێت، لەتەوەڕێکی کۆبوونەوەکەدا وەزیری کارەبا داوای لەکۆمپانیای ناوبراو کرد کارەکانیان بەپێی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی وەزارەت و تەواویی پرۆژەکە جێبەجێ بکەن. پرۆژەی مینی سکادا بۆ سەرپەرشتیکردن و پەیوەندیکردن و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری گرنگیەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و فراوانبوونی تۆڕ و وێستگەکانی گۆڕینی کارەبا، هەر بۆیە لەبەرنامەی وەزارەتدایە سێکتەری کۆنترۆڵکردنی کارەبا بەهاوشێوەی سێکتەرەکانی دیکە پێش بخات.

کەرکووک.. قوتابخانە کوردییەکان بەرەو هەرەسهێنان دەچن

خەبات ـ ئارام شێرکۆ

لە پاش ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر خوێندنی کوردی ڕووی لە هەرسهێنان کردوە ساڵ بە ساڵ ژمارەی قوتابیانی خوێندنی کوردی بەرەو کەم بوونەوە دەچن و زۆربەی دانیشتوانی شاری کەرکووک منداڵەکانیان دەنێرنە بەر خوێندنی عەرەبی هەر ئەمەش وای کردوە لەم هەفتەیەدا قوتابخانەیەکی خوێندنی کوردی لە یەکێک لە گەڕەکانی شارەکە دابخرێت.

سەبارەت بەمەش مامۆستا شیرزاد ڕەشید کاکە بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە پەروەردەی کەرکووک لەلێدوانێکی تایبەتی گوتی : لە پاش ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەرەوە لە بەشێک لە گەڕەکەکانی شاری کەرکووک بەدەیان ماڵی کورد لەوێ نەماون و هاتوونەتە گەڕەکە کوردنشینەکان ئەمەش وای کردوە ڕێژەی قوتابیانی کورد لەو گەڕەکانە کەم بکات.

مامۆستا شیرزاد گوتیشی : لە گەڕەکی حەی عەسکەری بەهۆی کەمبوونەوەی قوتابیەکانمان لە خوێندنی کوردی بۆ ئەوەی قوتابخانەکە لە ناو نەچێت سەرجەم قوتابی و مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیەمان گواستۆتەوە بۆ گەڕەکی پەنجاعەلی لەوی دەستیان کردوە بە دەوامی ئاسایی خۆیان .

سەرچاوەیەکی تریش لە پەروەردە گوتی پێویستە حکومەتی هەرێم کارێکی جدی بکات بۆ ئەوەی خوێندنی کوردی ڕزگار بکات لە هەرەس و شکست چونکە هەموو لایەک دەزانن ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر چەند کاریگەریان کردۆتە سەر دانیشتوانی شاری کەرکووک. سەرچاوەکە گوتیشی کە لە ئیستادا ڕۆژانە قوتابیانی کورد کەمتر ڕوو لە قوتابخانەکانی خوێندنی کوردی دەکەن، بەڵکو بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی کەرکوک منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە ئەهلییەکان یاخود دەیانێرنە قوتابخانەکانی خوێندی عەرەبی.

کەلتوور و دەستنووسی سریانی لە ووێرگشۆپێکی نێودەوڵەتی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی کاسۆلیکیدا



لە سەنتەری ڕۆشەنبیری زانکۆی سەلاحەدین یەکەمین وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی هاوبەش لەنێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی کاسۆلیکی لە هەولێر و کتێبخانەی نیشتمانی فەرەنسی بەڕێوەچوو لە ژێر ناونیشانی لێکۆڵینەوەکانی کەلتور و دەستنوسی سریانی بە ئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و سەرۆکی زانکۆی کاسۆلیکی و ڕاگری کۆلێژی پەروەردە و ژمارەیەک تۆژێژەری نێودەوڵەتی و هاوبەش لە زانکۆی سەلاحەدین.

لە مەراسیمی دەستپێکی وۆرکشۆپەکەدا دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە میانەی وتەیەکیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زانکۆی سەلاحەدین هەمیشە پاڵپشتی هەموو ئەو چالاکیانە دەکات کە تایبەتن بە کەمینەکان چونکە یەکێک لە تایبەتمەندیە جوانەکانی کۆمەڵگەی کورستانی بوونی کەلتوری پێکەوە ژیانە. سەرۆکی زانکۆ ئەوەشی دووپاتکردەوە کە ئەم پێکەوە ژیانە مێژوویەکی دێرینی هەیە، بۆیە ئەوە ئەرکی زانکۆکانە کە ئەم کەلتورە شارستانیە بگوازنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان هەموو بەیەکەوە بە ئاشتەوایی بژین. هەروەها ئەوەشی باس کرد کە زانکۆی سەلاحەدین هەر لەگەڵ کردنەوەی بەشی سریانی پاڵپشتی هەموو چالاکیەکی ئەو بەشەی کردووە بۆ ئەوەی ببینە پێشەنگ لەبەرەو پێشەوە بردنی کەلتوری پێکەوەژیان کە مایەی شانازی هەرێمی کوردستانە.

لە بەشێکی دیکەی مەراسیمی دەستپێکدا، سەرۆکی زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر لە میانەی وتەیەکیدا خۆشحالی خۆی دەربڕی بۆ ئەو دەرفەتەی کە دروست بووە بتوانن لەگەڵ زانکۆیەکی دێرینی وەک زانکۆی سەلاحەدین لە چالاکیەکی هاوبەشدا بەیەکەوە کاربکەن، هەروەها ڕۆڵی زانکۆی سەلاحەدینیشی بەرز نرخاند لە گرنگیدان بە پرسەکانی تایبەت بە پێکهاتە جیاوازەکان. ئەوەشی خستە ڕوو کە ئەوان وەک پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی شانازی بەو مێژووە دڕێژەی پێکەوە ژیان دەکەن لە هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ سەلامەتی ڕێگاوبانەکان بڕیارێکی تازەی دەرکرد

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: فازڵ حاجی گوتەبێژی هاتوچۆی هەولێر ڕوونیکردەوە: بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ لەمەودوا کێشی بارهەڵگرەکان چوارتۆن کەم کرایەوە و هەر شوفێرێکیش سەرپێچی بکات لە بڕیارەکە سزا دەدرێت دیارە ئەو سیستەمەی کاری پێ دەکرێت لەگەڵ ڕێگاوبانەکانی هەرێم دەگونجێت. ئەو بڕیارەش لە پێناو سەلامەتی و پاراستنی ڕێگاوبانەکانە بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لیستێکی تازەی بۆ باری ئوتومبێلە بارهەڵگرەکان دانا بۆ ئەوەی چیتر ئەو ئوتومبێلە بارهەڵگرانە بارقورسی نەخەنە سەر ڕێگاوبانەکان هەروەها ئاماژەی بەو لیستەداو ڕوونیکردەوە: بەپێی ئەو لیستە باری هەڵگیراو بۆ هەر بارهەڵگرێک بەبەراورد بە باری پێشوو 4 تۆن کەم کراوەتەوە ئەو بڕیارەش یامەتیدەڕێکی بەهێزە بۆ پاراستنی ڕێگاوبانەکان و داواشی لە شوفێرانی بارهەڵگر کرد کە پابەندی ئەو بڕیارە تازەیە بن کەبۆیان دانراوە.

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/9/24 ژمارە (5834)
خەبات


بۆ ساڵی نوێی خوێندن

وەزارەتی شەهیدان ئامادە نییە پارەی بەشەناوخۆیی بۆ قوتابیانی کەسوکاری شەهیدان لە زانکۆ ئەهلییەکانی کوردستان بدات

قوتابیەکی زانکۆ: داوامان لێکراوە تا 2019/10/1 بەشەناوخۆیی چۆڵ بکەین و ئێستا بەدوای شوێنی مانەوەدا دەگەڕێین

بەدواداچوون: عەلی بانیشاری-هەولێر

کۆمەڵێک قوتابی زانکۆ کە کەسوکاری شەهیدن و ژمارەیان 15 قوتابی زیاتر دەبێت لەلایەن وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمەوە ئاگادار کراونەتەوە کە چی دیکە پارەی ساڵانەی بەشەناوخۆیبان بۆ نادرێت. یەکێک لەو قوتابیانە کە ئامادە نەبوو ناوی بڵاو بکرێتەوە دەڵێ" لەئێستادا بەدوای شوێنی مانەوەدا دەگەڕێین و وەزارەتی شەهیدان پێی راگەیاندووین بۆ لەمەودوا پارەی بەشەناوخۆییمان بۆ نادرێت و خاوەن بالەخانەش تا 1ی 10 مولەتی چۆڵکردنی پێداوین". بەپێی ئەو زانیارییانەی (خەبات) لە نێو وەزارەتی شەهیدان دەستی کەوتووە وەزارەت نیازی نییە بۆ ساڵی نوێی خوێندن بەشەناوخۆیی بۆ قوتابیانی کەسوکاری شەهیدان بگرێتەوە، بەهۆکاری ئەوەی دەرمالەیان پێی دەدات.





هەفتەی رابردوو چەند قوتابییەک بە نوێنەرانی قوتابیانی کەسوکاری شەهیدان لە شاری هەولێر سەردانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانیان کرد و لەوێ لەلایەن چەند بەرپرسێکی وەزارەتەوە پێشوازیان لێکرا. سەردانەکەی ئەو قوتابیانە بەمەبەستی بەردەوامی مانەوەیان بووە لەو بەشەناوخۆیەدا کە ئێستا بڕیاری چۆڵکردنی دراوە. وەکو یەکێک لەو قوتابیانە دەڵێ: وەزارەت پێی راگەیاندین کە بۆ ساڵی نوێ بەشەناوخۆیمان بۆ ناگێڕێتەوە".

ئەو قوتابیە کە ئامادە نەبوو ناوەکەی بڵاو بکرێتەوە و لای (خەبات) ناوەکەی پارێزراوە دەشڵێت: لە وەزارەت پێیان وتین گرتنی بەشەناوخۆیی بۆ قوتابیانی کەسوکاری شەهیدان تەنها لە شاری هەولێر کراوەتەوە و لە شارەکانی دیکە نەکراوەتەوە.

دەشڵێت: پێشتر قوتابیان بۆ ماوەی 4 - 5 ساڵ لە بەشەناوخۆیی لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە بۆ گیراوە، بەڵام دەبێت ئێمە کە هەر یەکەمان لە قۆناغێکی زانکۆین و هێشتا چەند ساڵێکمان ماوە بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکەین بۆ داهاتوو لەسەر گیرفانی خۆمان بەشەناوخۆیی بگرین".

وەکو ئەو قوتابیەی زانکۆ دەڵێت" پێش شەڕی داعش وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان وەکو دەرمالە سالانە بڕی یەک ملیۆن و 800 هەزار دینار دەدایە قوتابیانی کەسوکاری شەهیدان، لەو بڕە پارەیە 900هەزار دیناری بۆ کرێی بەشەناوخۆیی بوو، بەڵام کە شەڕی داعش دروست بوو وەزارەت بڕی پارەکەی کەم کردەوە بۆ 900 هەزار دینار، کە 450 هەزار دیناری بۆ کرێی بەشەناوخۆیی بوو، بەڵام ئێستا دەرمالەکە نادرێت بە قوتابیان و بەشەناوخۆیشیان بۆ ناگێڕێتەوە".

ئەوەشی گوت" نوێ نەکردنەوەی گرێبەستی بەناوخۆیی قورساییەکی زۆر دەخاتە سەر قوتابیانی کەسوکاری شەهیدان لە زانکۆ ئەهلییەکان". گوتیشی" لە 2017ـەوە کە لە زانکۆی ئیشق وەرگیراوم، یەک دیناری دەرمالەم لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە وەرنەگرتووە، بەڵام قوتابیانی زانکۆ لوبنای فەرەنسی پێش 20 رۆژ لەمەوبەر دەرمالەی ساڵی 2017 - 2018یان وەرگرتووە کە 900 هەزار دیناڕە.

ئەو بەشەناوخۆییەی کە 15 قوتابیەکەی تێدا نیشتەجێیە دەکەوێتە گەڕەکی مەنتکاوەی شاری هەولێر. وەزارەتی شەهیدان بۆ کرێی ئەو بەشەناوخۆییە مانگە بڕی 2 ملیۆن 500 هەزار دینار دەدات، بەڵام وەکو قوتابیانی ئەو بەشەناوخۆییە بە (خەبات)یان راگەیاندووە: بۆ ساڵی نوێی خوێندن وەزارەتی شەهیدان گرێبەستەکە لەگەڵ خاوەن بالەخانەکە نوێ ناکاتەوە و بەناچاری دەبێت لە هەفتەی داهاتوودا چۆڵی بکەین".

پەیامنێری (خەبات) بۆ بەدواداچوونی زیاتر بۆ کێشەی ئەو قوتابیانە پەیوەندیکرد بە عەبدوڵلا حاجی مەحمود، وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەڵام ناوبراو وەڵامی پەیوەندییەکەی نەدایەوە، سەرەڕای ئەوەی لە رێگەی نامەی مۆبایلەوە پەیامنێرمان ئاگاداری ناوبراوی کردەوە. هەر لەسەر هەمان کێشە پەیوەندیکرا بە فوئاد عوسمان، وتەبێژی وەزارەتی شەهیدان، ناوبراو تەنها ئەوەندەی گوت: رێگەی پێنەدراوە پاش مەحمود ساڵح حەمە کەریم، وەزیری پێشووی شەهیدان و ئەنفالکراوان لێدوان بدات.





وێستگەکانی وەستانی پاس لە هەولێر.. کێ بەرپرسە؟ هاووڵاتی یان شارەوانی؟!

فۆتۆ: کارزان دزەیی



پارکی شارستان لە قوشتەپە.. سیمایەکی ناشارستانی

فۆتۆ: هاوار مورتکەیی



کابینەی نۆیەم و ئەرکی کوردپەروەران



سوورە مەرگەیی

چاوەکان لەسەر کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانن، لەناو کابینەی نۆیەمیش چاوەکان لەسەر مەسرور بارزانین، ئەو کابینەیە و مەسرور بارزانی لەژێر چاودێری وردی دۆزمنانی کورد و داگیرکارانی کوردستان و حزبەکانی بەشداربوو لە حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن و هاوولاتیبیان دایە.

هەرچی دۆزمنان و داگیرکارانی کوردستانن پیلانی لە دژ دەگێڕن و کار لەسەر شکست پێهێنانی دەکەن، ئەوە ئاساییە و هەر ئەوەش لە دۆزمنان چاوەڕوان دەکرێ، هەرچی ئۆپۆزسیۆنیشە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی خەمخۆر و دیوی دووەمی دەسەڵات بێ، ئەرکیەتی بە دوای خاڵی لاواز و دەرخستنی ئەو خاڵانەدا بگەڕێ، ئەوەش کارێکی ئاساییە، ئەرکی حزبە بەشداربووەکانیش کارکردنە لەسەر سەرخستنی ئەو کابینەیە، چونکە لە سەرکەوتنی ئەوانیش پشکی شاناویان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیشتمانییەکانیان بەردەکەوێ، مافی هاوولاتیانیشە چاوەڕوانی بەجێهێنانی خواستەکانیان لەو کابینەیە بکەن.

لە کابینەی پێشوودا بەغدا لە مەبەستی پێشگرتن لە سەرکەوتنەکان و شکست پێهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی دەبڕی، هاوکات فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش لە پەرلەمانی بەغدا جگە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، ئەرکی چاودێری کردنی حکوومەتی بەغدا و بەرگری کردن لە ماف و ئازادییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانیان بەلاوە دەنا و دەنگیان بە حەشدی شەعبی دەدا و ڕاستەوخۆ نارڕاستەوخۆ جاسوسییان بەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرد، داعش لە بەرەکانی جەنگ و بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان و تالآن و بڕۆ و کرین و فرۆشتن بە ئافرەتی ڕووسووی کوردەوە پەلامارەی کوردستانیان دەدا، حزبە بەشداربووەکانی حکوومەتیش وەک دەستبەردان و هاوکاری کردنی داعش لە شارەکانەوە بە مەبەستی سەرقاڵ کردن و ڕووخاندنی حکوومەت پەلامارەی دامەزراوە حکوومییەکان و بنکە و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەدا، بەوەشەوە نەدەوستان و بە تاک و کۆ ڕایان دەکردە بەغدا و بە مەبەستی ڕووخاندنی حکوومەتی هەرێم و پێکهێنانی حکوومەتی (ئینقاز) داوای هاوکاری و پشتیوانییان لە بەغدای دوژمن بە کورد دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا نێچیرڤان بارزانی پشت ئەستوور بە هەڵوێستە نەتەوەییە کانی سەرۆک بارزانی و پشتوانیی جەماوەری کوردستان، توانی هەموو ئەو پلانانە پوچەڵ بکاتەوە و بەسەر دژبەرانی ناوخۆ و عێراقی و هەرێمیدا سەربکەوێ و حکوومەت و دەستکەوتەکان بپارێزێ.

ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ لە ئێستادا عادل عەبدولمەهدی عاقڵانە لە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەڕوانێ، بەڵام گرووپە شیعە توندڕەوەکان و ئەوانەی لەژێر هەیمەنەی مەزهەبگەرایی و شۆڤێنییەکان و ئێران دان بەوەدا دەنێن کە ئەگەر سەرکەوتنەکان و شکست پێهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی دەبڕی، هاوکات فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش لە پەرلەمانی بەغدا جگە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، ئەرکی چاودێری کردنی حکوومەتی بەغدا و بەرگری کردن لە ماف و ئازادییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانیان بەلاوە دیارە.

مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ترس و دڵەڕاوکێی لای گرووپە توندڕەوەکانی میلیشیا شیعەکان و شۆڤێنیزمی عەرەبی و گەندەڵکاران و گرووپە عێراقچییەکانی وەک گرووپی 16ی ئۆکتۆبەر دروست کردووە، بۆیە هەموو ئەوانە لە بەرەی شکست پێهێنان و پیلانگێڕی و ڕێگریکردن لە سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم کۆبوونەوە، چونکە سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم و مەسرور بارزانی لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و سەرکەوتنی لە بەرژەوەندیی ئەوان دەدا و مەرگی گەندەڵکارانیش ڕادەگەیەنرێ.

لە ئەگەری سەرنەکەوتنی کابینەی نۆیەم سوودمەندی یەکەم ئەو گرووپانە دەبن و زەرەرمەندی یەکەمیش کورد و ئەزموونە سیاسییەکەی کێشەی بۆ دروست دەکەن، پێدەچێ ئۆپۆزسیۆنیش بە خۆیدا چووبێتەوە و دەستبەردای دۆزمنکاری بووبێ و ئەرکی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەوەی تێبینێ دەکرێ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وەک حزبی دووەمی بەشداربووی دەسەڵات و بە دیاریکراویش گرووپی 16ی ئۆکتۆبەر هەموو هەوڵەکانیان لەسەر شکست پێهێنانی حکوومەت چڕ کردووەتەوە، تەنانەت هەوڵەکانیان لە هەولێ میلیشیا تووندڕەوەکانی سەر بە ئێران و شۆڤێنییەکان خەستترن و لە هاوپەیمانی ئەوانیش نەپرینگاونەتەوە و ناشپرینگێنەوە، ئەوەش بە هەڵوێست و ڕاگەیاندن و بەیج و سایتەکانیانەوە دیارە.

مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ترس و دڵەڕاوکێی لای گرووپە توندڕەوەکانی میلیشیا شیعەکان و شۆڤێنیزمی عەرەبی و گەندەڵکاران و گرووپە عێراقچییەکانی وەک گرووپی 16ی ئۆکتۆبەر دروست کردووە، بۆیە هەموو ئەوانە لە بەرەی شکست پێهێنان و پیلانگێڕی و ڕێگریکردن لە سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم کۆبوونەوە، چونکە سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم و مەسرور بارزانی لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و سەرکەوتنی لە بەرژەوەندیی ئەوان دەدا و مەرگی گەندەڵکارانیش ڕادەگەیەنرێ.

لە ئەگەری سەرنەکەوتنی کابینەی نۆیەم سوودمەندی یەکەم ئەو گرووپانە دەبن و زەرەرمەندی یەکەمیش کورد و ئەزموونە سیاسییەکەی کێشەی بۆ دروست دەکەن، پێدەچێ ئۆپۆزسیۆنیش بە خۆیدا چووبێتەوە و دەستبەردای دۆزمنکاری بووبێ و ئەرکی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەوەی تێبینێ دەکرێ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وەک حزبی دووەمی بەشداربووی دەسەڵات و بە دیاریکراویش گرووپی 16ی ئۆکتۆبەر هەموو هەوڵەکانیان لەسەر شکست پێهێنانی حکوومەت چڕ کردووەتەوە، تەنانەت هەوڵەکانیان لە هەولێ میلیشیا تووندڕەوەکانی سەر بە ئێران و شۆڤێنییەکان خەستترن و لە هاوپەیمانی ئەوانیش نەپرینگاونەتەوە و ناشپرینگێنەوە، ئەوەش بە هەڵوێست و ڕاگەیاندن و بەیج و سایتەکانیانەوە دەبێ، بۆیە پێویستە و ئەرکێکی نیشتمانیشە لایەنە بەشداربووەکانی حکوومەت شان بدەنە بەر ئەو ئەرکە نیشتمانییە، ئۆپۆزسیۆنیش وەک پێکهاتەیەکی گرنگی ناو پرۆسەی سیاسی بەدەر نییە لەو ئەرکە نیشتمانیە و پێویستە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی بگێڕێ، نەک وەک ڕابردوو ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنبوون لەبیر بکا و ڕۆڵی دۆزمنکاری بگێڕێ، لەوانەش گرنگتر و کاریگەرتر پشتیوانی جەماوەری کوردستانە لە کابینەی نۆیەم، چونکە لە ئەگەری سەرنەکەوتنی ئەو کابینەیە کە دۆزمنان و گەندەڵکاران خوازیاری ئەوەن سەرکەوتوو نەبێ، باجی گەورە جەماوەر دەیدات.

کێشەی کەرکووک و مادەی 140



د. سامان سۆرانی

بڕوانامە و تایتلی زانستی ساختە ئاستی زانست نزم دەکات

ئاشکرایە کەوا زانست بنەما و فاکتەری هێزە نەوەک خۆشگوزەرانییەکی سەرپێیانەی ئەکادیمی، بۆیە توێژینەوەی زانستی، بە تایبەتی لەو بوارانەی کە پێویستن بۆ دەوڵەتسازی، لە سامانی سروشتی و کانزاکانی ژێرزەوی گرینگترە و هاوکار دەبێت لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر قەیران یان نسکۆیەکی ناوخۆیی و دەرەکی.

ئامارەکان سەبارەت بە ژمارەی توێژینەوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کەوا هەرێمی کوردستان لە ڕووی ناوەندی توێژینەوە و بەرهەمی زانستی تا ڕادەیەک هەژارە. دەکرێ بڵێین ئەو ئامارە لە لە ڕووی ستانداری جیهانی لە بواری زانستە سروشتییەکان زۆر لە خوارەوەیەوە.

پرسیار ئەوەیە: ئایا چی ڕوودەدات، ئەگەر دەوڵەتێک لە بواری هێزی زانستی هەژار بێت، بەتایبەتی لە بواری زانستە سروشتییەکان، یان چی ڕوودەدات، کاتێ سندوقی تایبەت نەبێت بۆ کۆمەک کردنی توێژینەوەی زانستی لە ڕووی داراییەوە، یان دواکەوتنێکی بەرچاو بوونی هەبێت لە گواستنەی زانیاری زانستی لە جیهانی پێشکەوتووەوە بۆ وڵات؟

ناوەندی زانستی، ئەگەر بوونی هەبێت ئەوا لە ناو زانست و تیۆرییە کۆن و ماوە بەسەرچووەکان چەقی بەستووە و هیچ سوودێکی نیە لە چارەسەرکردنی کێشە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگایەکی زیندوو و هاوچەرخ.

خوێندن و خوێندنی باڵا پێویستی بە جێبەجێکردنی یاسا و چاوسوورکردنەوە هەیە لەو کەسانەی کار بۆ ناوزڕاندنی زانست دەکەن و بۆ گەڕانەوەی شکۆی دەوڵەت پێویستە موجامەلەی خاوەن زانکۆ تایبەتییەکان و سەرۆک و ڕاگرانی زانکۆ حکوومییەکان نەکرێت.

بڕوانامەی ساختە دەتوانێت بە ڕووکەش دامەزراوەکانی دەوڵەت ڕەنگین بکات، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەین کەوا ناوەڕۆکی ئەو دامەزراوانە بە فەشەڵی و بە خاوی دەمێننەوە، چونکە توانای هونەریی ئەو کەسانەی کە هەڵگری بڕوانامەی ساختەن و ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانەیان گرتوتە ئەستۆ، زۆر لاوازە. دەرئەنجام دەوڵەت بە ناچاری پەنا دەباتە بەر توانای ئەندازیار و پزشک و ڕاوێژکاری بیانی بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و بەرزڕاگرتنی ئاستی نزمی زانستی.

ئێمە پێمان وایە خاوەن بڕوانامە ساختەکان بە شێوەیەکی ناڕەوا زیانیان بە بودجەی دەوڵەت و بەرژەوەندیی گشتی گەیاندووە، کاتێ لاڕێیان گرتوتە بەر بۆ بەدەستهێنانی تایتڵی وەکو ماستەر و دکتۆرا یان هەر پلەیەکی زانستی تر. کەمتەرخەمی کردن لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ستەمکارییەکی زەقە بەرامبەر بەو کەسانەی بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست بڕوانامەی زانستییان بەدەست هێناوە. ئەو کەمتەرخەمییە خیانەتە لە دەوڵەت، کاتێ ئەو کەسانە پلە و پۆستی گرینگ و هەستیاریان پێدەسپێردرێت.

ئێمە پێمان وایە بەدەستهێنانی بڕوانامە بە شێوەیەکی ساختە تاوانێکە و پێویستە هەڵگرەکەی بە پێی یاسا سزا بدرێت.

ئەگەر ئێمە بێدەنگی هەڵبژێرین لە بەرامبەر ئەم کرداره ناڕەوایە، ئەوکاتە نابێت گلەیی لەو کەسانە بکەین، کە ساختەکاری لە ڕەگەزنامە و پاره و مۆڵەتی پیشە و مێژوو و ڕاستییەکان دەکەن، چونکە لۆژیک پێمان دەڵێت، ساختەکردن هەر ساختەکردنە ئەگەرچی شێوەکانیشی جیاواز بێت.

سەرپەرشت یامەرنی

کێشەی شاری کەرکووک، بە کوردەوە پەیوەست نییە، کە لە کۆنەوە خاوەنی ئەو خاکەن و، نزیکەی 70%دانیشتووانی شارەکە و نزیکەی 60%کۆی دانیشتووانی شارەکە پێکدەهێنن، هەرچەندە هەڵمەتەکانی ڕاپێچکردن، دەرکردن و بە عەرەبکردن تاکو ئێستا هەر بەردەوامە.


حکوومەتی عێراق ڕێگە بە کۆچبەران نادات، بگەڕێنەوە شار و گوندەکانیان و کۆتایی بە مەینەتییەکانیان بێت، هەتا بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پاریزگاشدا، بەو عەرەبانەش، کە دەوڵەت لە شوێنە جیاجیاکانی عێراق هێناونەتی و جیاوکییەکی زۆری بۆ مانەوە و خۆگونجاندن پێدەوان، نە بە تورکمانەکانیش، کە بە دەست حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە، تووشی مەینەتی هاتوون. ڕاستە عەرەبە هاوردەکان بۆ ناوچەکە، قبوڵکراو نەبوون و پێشوازیشیان لێنەکراوە، بەڵام ئەوە نەبووەتە هۆی بەگژداچوونی نەتەوەیی، نێوان هەر سێ پێکهاتە، کورد، عەرەب و تورکمان، جاران و ئێستاش، پەیوەندی مرۆڤایەتی نێوانیان، لەسەر ئاستی میللی و جەماوەریدا، بەرایەتی، هاریکاری، خزمایەتی، ژنخوازی و تاکو دوایی ناسراوە، بۆ مێژوو دەیڵێم، پەروەردەی حزبایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە دریژایی چەندین ساڵ و تاکو ئێستاش، ڕۆڵی سەرەکی لە پتەوکردنی ئەو پەیوەندیانەدا هەیە، لەبەر ئەوەی داکۆکیکاری سەرەکی کوردستانیەتی کەرکووکە. کێشەی کەرکووک، نە لە نەوەکانی و نە لە بوونی مللانێیی نەتەوەیی تووند دایە، کە مایەی چارەکردن نەبێت، یان نەبوونی توانا لەسەر کۆک بوون و ڕازی بوون و گەیشتن بە چارەی بنەڕەتی، بۆ کێشەی خۆبەندی بۆ کوردستان دایە، بە گەڕانەوە بۆ هەموو سەرچاوە، بەڵگەنامەکانی مێژوویی، شێوازی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق، سەرژمێری دانیشتووان و تاکو دوایی دەبێت. هەموو عێراقییەک ئەو ڕاستییە دەزانێت، سنووری کوردستان، لە زنجیرە چیای حەمرینەوە دەست پێ دەکات. کێشەی کەرکووک، لە کوردستانیبوونەکەیدا نییە، چونکە سەرکردایەتی کوردستان چەندین جار و بە دریژایی قۆناغەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی رایگەیاندووە، ڕێز لە مافەکانی هەموو پێکهاتەکان دەگرێت، کوردستانیبوونی کەرکووک ڕۆژێک لە ڕۆژان، نەبووەتە هۆکاری هەڵگیرساندنی ئاگری ئاشووب و کوشتار لە نێوان پێکهاتەکانیدا، هیچ ڕووداوێکی چەوساندنەوەش، یان ڕەتکردنەوەی بوونیان تۆمار نەکراوە، سەرکردایەتی کورد، بەردەوام دووپاتی کردووەتەوە، کەرکووک شاری برایەتی، ئاشتی و نمونەی فرەڕەنگی، فرە حزبی و ڕێزگرتنی ئەوی دیکەیە. کێشەی کەرکووک، خۆی لە چاوتێبڕینی ڕەگەزپەرستی داگیرکاری نیشتەجێکردن، ململانێیەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، بۆ دەستگرتن بەسەر سامانەکانی نەوت و غازی دەبینێتەوە، ئەو ململانێیە وێرانکاریانەش، هەر ئەوە هاوولاتیانی کەرکووک، بەم شێوەیە یان ئەوی دیکەیان، لە ململانێیی نەتەوەیی دەگلێنێت، کە هیچ بنەمایەکی نییە و دووریش نییە بێتە ململانێیی خوێناوی، ئەگەر سنووریک بۆ ئەو دەستوەردان و ناڕاستەکردنی ڕەگەزپەرستی و تایفەگەریە جۆراوجۆرە دانەندرێت، کە بە ئەنقەست و بە پلان زاخاو دەدرێت.

تورکیا لەبەر نەوت و غازەکەی، کەرکووکی دەیەوێت، نەوەکو لەبەر چاوە جوانەکانی تورکمانەکان، لە پێناوی پەل هاویشتنیش لە دەرەوەی سنووری ئێستای، وەکو ئامادەکارییەک بۆ نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتن بە ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆ، لە ساڵی 2024، بۆ داواکردنی هەموو مولکەکانی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی. ئێرانیش، کە هەموو عێراقی کۆنترۆڵ کردووە و لە ڕێگەی سنوورەکانی ئەوەوە، نەوتی خۆی دەفرۆشێت، دەیەوێت کەوانەیەکی شیعی دروست بکات و لە ڕێگەی وشکانی و لە میانی کەرکووک و شنگاڵەوە، بگاتە دەریای سپی ناوەڕاست، بۆ وەستان بە ڕووی چاوچنۆکی تورکیا، هەرچەندە پەیوەندیەکی ئەرێنی (مینێژکراو) لە نێوانیاندا هەیە و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیشیان لە هەڵکشان دایە. کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانیش، بە پشتیوانی وڵاتەکانیان، ئەوانیش بەشی خۆیان لە نەوتی کەرکووک دەوێت، کە هەرزانە و دەرهێنانیشی ئاسانە، گەیشتنی بریتیش پترۆلیۆم بۆ کەرکووک، ڕاستەوخۆلە دوای ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەری 2017، باشترین بەڵگەیە لەسەر قسەکانمان، وەکو ئەوەی (مامە باوکی ناجی) وەکو چۆن عێراقییەکان بە (ئینگلیزەکان) دەڵێن، ویستی پەیامێک بۆ عێراقییەکان بنێرێت، ناوەرۆکەکەی ئەوەیە: ئەوەتانی ئێمە گەڕاینەوە و ئێمە ئێستا لە ڕۆمێلەین (یەدەگەکەی 17 ملیار بەرمیلە) لەگەڵ کەرکووک (یەدەگەکەی 9 ملیار بەرمیلە).

کێشەی کەرکووک، نەلە کوردستانیبوون و نە لە خەڵکە باشەکەی دایە، ئەوانەی سەدەها ساڵە بەیەکەوە دەژین، بەڵکو لە دەوڵەتی عێراق دایە، کە تەنیا ئێسک و پڕوسکی دەوڵەتی لێ ماوەتەوە و، ناتوانێت سەربەخۆی خۆیشی بپارێزێت و کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، کە لەسەر پشت بەستنی بەخۆیەوە بەندە، نەوەکو لە ڕێگەی فریودانی دەرەکی، بەربەست دورستکردنیش بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140، لە دەستووری فیدراڵی، بۆ چارەکردنی کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، نمونەیەکی زیندووی جێبەجێکردنی ئەو فریو دانەیە، ئینجا چ بە فەرمانی ڕاستەوخۆ و دووبارە داگیرکردنەوەی بێت، یان لە ئاکامی ئەو فشارە بێت، کە هەندێ ناوەندی بڕیاری ڕەگەزپەرست و تایفەگەر پیادەی دەکەن. جێبەجێ نەکردنی مادەی 140 دەستوور، گوێڕایەڵیکردنی ڕێنمایی هەرێمایەتی، یان چاوپۆشیکردن لە چالاکی گومانلێکراوی، بۆ بەربەست دروستکردن لە جێبەجێکردنی، بێشک دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری ئاشووب وعێراق و کەرکووکیش وردتر، دەخاتە نێو کوێرە ڕێگەی جەنگی ئەهلی و کاولکاری گشتی. ئەوەی پێویستە، هەڵوێستێکی نیشتمانی پتەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە، بە گوێرەی ئەو ڕێوشوێنانەی دەستوور بۆی دیاری کردووە، بەر لەوەی شتەکان لە دەست دەربچن و هەموو نرخەکەی زۆر بەگرانی بدەن.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە: ئیلاف





هەنگاو نان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



مانپەروەر: جەواد مستەفا ستۆپەیی

دەوڵەتی فیدراڵی Federation

لەبەر ئەوەی عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە و کوردستانیش هەرێمێکی ئەم وڵاتەیە بە پێناسەی ئەم وڵاتەیە بە کورتی باسی چەمک وهەندێک لە ڕەهەندەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دەکەین بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر لە سەر نووسینەوەی دەستووری کوردستان.

چەمکی دەوڵەتی فیدراڵی: زاراوەی دەوڵەتی فیدراڵی بە زور شێوە بەکار دێت، هەندێک پێی دەڵێن یەکێتی دەستووری یان یەکێتی ناوەندی یان دەوڵەتی فیدراڵی یان دەوڵەتی یەکگرتوو...تاد. فیدراڵی زاراوەیەکی لاتینییە لە (Foedus) هاتووە واتە پەیماننامە(معاهدە)، مەبەست لێی پەیماننامەی دەستوورییە لە نێوان حکومەتی فیدرلی و هەرێمەکان، چونکە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان لە ڕێگەی دەستوورەوە بەیەکەوە گرێدراون نەک لە ڕێگە پەیماننامەکان.

زاناکانی بواری یاسای دەستووری و فەیلەسوفەکان پێناسەی جیاوازیان بۆ دەوڵەتی فیدراڵی کردووە، بۆمونە (ئۆڤنهایم) بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: (دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە یەکگرتنێکی هەمیشەیی وڵاتانی جیاواز و خاوەن سەروەری، کە خاوەن دەزگای تایبەتن و دەسەڵاتی تایبەتیان هەیە نەک تەنیا لەسەر وڵاتانی ئەندام لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، بەڵکو لەسەر هاوڵاتیانیش). هەروەها (مارسیل بریلو) بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: (دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە یەکگرتنی کۆمەڵێک وڵات کە دەست لە هەندێک دەسەڵاتی خۆیان بەردەدەن بۆ دەسەڵاتی ناوەندی(فیدراڵی) لەبەرامبەر سەربەخۆیونی ناوخۆیی دەستووری و یاسایی و کارگێریەکی فراوان). هەروەها (دکتور محمەد عمر مەولود) بەم شێوەیە پێناسەی فیدراڵیەت دەکات: (فیدراڵی بریتییە لە ڕێکخستنێکی سیاسی دەستووری ناوخۆیی یەکگرتوو(مرکب)، بەم پێیە کۆمەڵێک حکومەتی ئەندام یان هەرێمەکان دەکەونە ژێر دەسەلاتی حکومەتی فیدراڵی کە دەسەلاتەکانی باڵاترە لە دەسەلاتی حکومەتە هەرێمیەکان، ئەم ڕێکخستنە دوو ڕووی هەیە یەکەمیان ڕووی دەرەوە، واتە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا ئەم وڵاتە خۆی وەک یەک وڵاتی خاوەن سەروەری پیشانی وڵاتانی بیانی دەدات. وەلە ڕووی ناوخۆییە کە کۆمەڵێک قەوارەی دەستووری لە خودەگرێت و حکومەتی ناوەندی بەڕۆڵداری لە مومارسە کردنی سەروەری و ناوخویدا دەکات).

بەڵام ئەوەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئامازەی پێ بکەین حکومەتی فیدراڵی بریتییە لە ڕێکخستنێکی یاسایی و دەستووری نەک سیستەمێکی کارگێری یان ڕێکەوتنێکی هەرێمی یان نێودەوڵەتی، هەرکاتێک لایەنی پەیوەندیدار ویستیان پاژگەز بنەوە یان ئەم ڕێکەوتنە پووچەل بکەنەوە، بۆیە پێویستە حکومەتی فیدراڵی پابەند بێت بە جێبەجێ کردنی هەموو بنەما دەستوورییەکان و بە هیچ شێوەیەک سەرپێچی دەستوور و یاساکان نەکرێت، چونکە دەستوور گرێبەستێکی دریژخایەنە لە نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتدارەکاندا، هەروەها لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکانیشدا. سیستەمی فیدراڵی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە وە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر جیاوازە. لە دەوڵەتی فیدرالیدا وڵاتە هەرێمیەکان هەندێک لە دەسەلاتەکانی خۆیان دەدەنە حکومەتی ناوەندی، (وەک سیاسەتی دەرەوە و بەرگری و ئابووری و بازرگای...تاد)، تا دەوڵەتی فیدراڵی بەهێز بکەوێت بۆ ئەوەی ئەم بەهێزییەی حکومەتی فیدراڵی بەرگری لە هەرێمەکان بکات و هەوڵی پێشخستنیان بدات. بەڵام زور بەداخەوە لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی بە پێچەوانەیە، بۆمونە لە بەهێزکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا دەسەلاتدارانی ئەم وڵاتە دەست بو کاری نایاسایی و نادەستووری دەبات و هەوڵ بو سرینەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەدات، یاخود بودجە و چەندەها شایستە دارایی کانی هەرێمی کوردستان دەبڕێت کە کارێکی تەواو نادەستوریە، کەواتە ئەمانە خۆیان بو خویان دەسەلێنن کە شوڤینیەتی عەربی ڕێگە بە پڕۆسەی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە دەستوور و یاساکان و بوونی بنەمای دەوڵەتی فیدراڵی نادات.

هەمیشە دەستووری وڵاتانی فیدراڵی و هەرێمەکانی دەسووری بەستەڵەکن لە ڕووی نووسینەوەو بو ئەوەی هەر حزبێک یان هاوپەیمانەتییەک بێتە زۆرینەی ناو پەرلەمان نەتوانێت بە ئاسانی دەستووری فیدراڵی یان هەرێمەکان بە پێی بەرژەوەندی حزبی خۆیان هەموار بکەن، بەبێ ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی گشتی وڵات. بەگشتی دەوڵەتی فیدراڵی بە دوو ڕێگا دادەمەزرێن:

یەکەم: چوونە ناوبەک (الانظمام او الاندماج): بە پێی ئەم ڕێگایە کۆمەڵێک وڵات یەکدەگرن و هەموویان پێکەوە وڵاتێکی یەکگرتووی فیدراڵی پێکدێنن، کە حکومەتێکی ناوەندییان دەبێت و هەموو دەسەلاتە سەرەکییەکانی حکومەتی ناوەندی بالاتر لە دەسەلاتەکانی حکومەتی هەرێمەکان. وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و سویسرا و ئوستراليا و کەنەدا و زور وڵاتانیتریش.

دووەم: ڕێگای هەڵوەشاندنەوە: بەپێی ئەم ڕێگایە دەوڵەتێکی ئاسایی (مرکزی) هەڵدەوەشێتەوە بو چەند هەرێمێکی دیاریکراو کە ئەم هەرێمانە لە ڕووی ناوخۆییەوە تەواو سەربەخۆن، بەڵام لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە سەر بە دەوڵەتێکی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی (فیدراڵی) بەهێزترن، واتە ئەم هەرێمانە بە ئاڕەزووی خۆیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەمێننەوە. بۆ نموونە عێراق دەوڵەتێکی ئاسایی ناوەندی(مرکزی) بوو لە دوای ڕوخانی ڕژێمی عێراق لە سالی 2003 توانی لە سالی 2004 دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتوو پێک بێنێت کە تەنها هەرێمی کوردستانی هەیە، بەڵام لە دەستووری سالی 2005ی ئەم وڵاتەدا بوار بە دروستکردنی هەرێمی نوێ دراوە، دەکرێت لە ئایندەدا هەرێمی تریش بو عێراق دروست بکرێت. نموونەی هەلوەشاندنەوەی دەوڵەتێکی ئاسای مەرکەزی بو دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتوو گەلێک زورن وەک: ڕوسیای قەیسەری لە پێش سالی 1917 لە دوای شەڕی بەلشەڤی هەلوەشایەوە و چەندین دەوڵەتی فیدراڵی لێ دروست بوو، هەروەها دەوڵەتی بەلجیکاش بەهەمان شێوە لە دوای هەموارى دەستووری سالی 1993 بوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی. هۆکارەکانی دروستبوونی دەولەتی فیدراڵی لە وڵاتانی جیهان دەگەڕێتەوە بو ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم: هۆکاری ناوخۆیی: بە زوری هۆکاری دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوە بو هۆکاری نەتەوەی یان ئاینی یان ڕەگەزی یان مێژوویی یان زمان یان کولتوور یاخود نەریتی هاوبەش و... تاد. بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەبێت چ ئەم بەرژەوەندییانە ئابووری یان کولتوری یان کۆمەلایەتی یان سیاسی بێت، هەموو ئەم هۆکارانە وڵاتان هاندەدات بو دروست کردنی دەوڵەتی فیدراڵی.

دووەم: هۆکاری دەرەکی: زور جار هۆکاری دەرەکی وڵاتان هان دەدات بو دروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵی، بۆمونە لە کاتی سەرهەلدانی مەترسی یان هەرەشەی دەرەکی لەسەر هەندێک وڵات، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتانە هەوڵ بدەن یەک بگرن تا هەموویان پێکەوە دەوڵەتێکی فیدراڵی بەهێز دروست بکەن، بو ئەوەی بتوانن بە هاوبەشی بەرگری لە هەر هەرەشەیەکی دەرەکی بکەن بو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانیان و هەوڵ بو پێشخستنی وڵاتەکانیان بدەن لە ڕووی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و...تاد. بو نموونە سەرەکیترین هۆکاری دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا لەبەر ئەم ئامانجانە بوو.



پێشخستنا چاندنێ و پاراستنا ژینگەهێ



خالد ئەحمەد بادی

لبیرا منە دەمێ ئەم زاروک ومە چ ژپرس وئاریشە وکریارێن ڕوژانە یێن ژیانا مللەتان نە دزانی مینا پاراستنا ژینگەهێ وپێشئێخستنا چاندنێ وپرسێن کومەلایەتی وسیاسی وگشتی بەلێ بتنێ مە چینگانێ وتیزانێ وعەدلوکانێ وتەبکانێ و تەبەلانێ وکوتیکانێ ومازیانێ وکابانێ ودارک وترانێ وفرفروکانێ وقارێ ویاریێن زاروکان یێن وی سەردەمی بتنێ مە هزر دڤان تشتان دا دکرن، حکومەتێن وی سەردەمی پارە ددانە خەلکی ژبو کارێن پێش ئێخستنا ژینگەهێ ودروستکرنا ڕێکخستنەکا باش بو پێشئێخستنا چاندنێ و بەرەڤانی کرن ژژینگەهێ بو نمونە لوی سەردەمی لهندەک دەڤەرێن دهوکێ مێشەڤان وجهێن مێش خودانکرنێ هەبون وهەر دەڤەرەکا مێشێن هنگڤینی لێ هەبانە (ستێنگ)ا مشە قەستا وان دەڤەران دکرن وحکومەتێ بریارەک دابو هەر کەسەکێ (ستێنگ)ەکێ بکوژیت دێ حکومەت ژوان کریت ب دەرهەمەکی وبو زانین دەرهەمێن سالێن هەشتیان زور بوو وهەر ڕوژ دا بینین کو گەنج وتولاز وخەلکەکی ب ترکا وتایەکێ تراشێ هێرش دکرنە سەر (ستێنگ)ان ودکوشتن وئێڤاری کەلەخێن وان ستێنگێن کوشتی دبرنە بنگەهێن چاندنێ وپارێن خو دوەرگرتن وروژانەیا هندەک گەنجان وخەلکی دگەهشتە دو سێ دینارێن وی سەر دەمی وزور مفا دڤان هەوا دابون چ ژلایێ ژیانەڤانیێ ڤە چ ژلایێ پاراستنا ژینگەهـ وچاندنێ ڤە. ڕێکەکا دی هەبو گەنج ولاو تولاز وزاروک دچونە گیا ونێرگزان ودفروتن وپارێن باش بو سەردەمی پێ دوەرگرتن وژیانەکا خوش دبرنە سەر ب وان کوژمان .هەر دیسان فەرمانبەرێن بنگەهێن چاندنێ لهەمی دەمان تیم دروست دکرن وخەلکێ گوندان ژی ددانە دگەل خو ول هەمی دەڤەران دەرمانێ (دی دی تی) ودەرمانێن دی درەشاندن ل کول وگوڤ وخانییێن خەلکی داکو بهێنە پاراستن ژمار ودوپشک وئادییێن دی .هەر وەسا بنگەهێن چاندنێ لوی سەردەمی دا چاندنا دەهان دونەم وهزاران مترێن ئەردی ب گول بەروژ وگولێن جوراو جودا بتنێ دا مفای ژێ ببینن وهەروەسا ژبو مێشێن هنگڤینی و سیڤاندوک و سڤیانوک و چیچک وبالندێن دی .هەمی دهاتنە هاندان بو چاندنێ وژیارا خەلکی لسەر جوت وکێل ودروین وڕەز وپەز ومریشک وب سەرفەرازی ژیارەکا باش دکر و کورد مللەتەکێ بەرهەم هێنەر وخورستی وزیرەک وشارەزا وشولکەر بو وبدەستێن خو وخوها ئەنیا خو ژیارا خو ومالا خو دبرە سەر وعەردێ باب وبپیران شوین دکر وبەرهەم ژی ژێ رادکر وئابورەکێ بهێز لکوردستانێ هەبو وپشت بەستیا عیراقێ لسەر کوردا بوو ر وفیقی ومتایێن چاندنێ یێن کوردان بازارێن بەغدا ومیسل وهەمی پارێزگەهێن عیراقێ پر دکرن وحکوماتێن عیراقێ یێن ئێک لدویڤ ئێک ددیت کو کوردان ئابورەکێ بهێز یێ هەیی وهزرەکا نەتەویی ژی دێ دروست کەن ودێ بهێز کەڤن رابون پیلان دانان بو زەعیف کرنا کوردان وب دەهان پروژێن کومەلگەهـ وگوندێن نە سروشتی دروست کرن وخەلکێ کورد ژ دەڤەرێن دویر دەستێ وانان کومکرنە سەرێک وهێلانە ب هیڤیا موچەکێ کێم کو نە مرن ونە ژین .لوی دەمی تا نوکە ئەڤ سیاسەتا دوژمنکارانە یا بەرامبەر کوردان پەیرەو کری کورد پاشڤە برینە وژمللەتەکێ خورستی وزیرەک وبەرهەم هێنەر کریە مللەتەکێ خوراو و نە زیرەک و بتنێ پشت بەستی دایە موچەکێ کێم یان ژی کەسەک یان حکومەتەک و حیزبەک یان لایەنەک پاریەکێ نانی بدەتێ .بلا ئەم ژینگەهـا خو پاقژ بکەین و بپارێزین وعەردێ خو شین بکەین وچاندنا خو زێدە بکەین و وەلاتێ خو پێش بێخین دا کو کوردستان مینا جاران بهێز بکەڤیت وئەم دەستێ خو بو دوژمنان درێژ نەکەین هەتا دوژمن پاریەکێ نانی بدەتە مە ،ئاڤەدان وبهێز بیت کوردستان سەرکەفتی وسلامەت بیت پێشمەرگێ قەهرەمان وربلند بیت ئالایێ کوردستانێ.

محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو : علي قاسم جردو
للطلب المقدم من قبل المستدعيه (كوزه خديده خليل) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
وون بوون
سالنامەی ئۆتۆمبێل بەناوی فرهاد مولود شیخ محمد ژمارەی سالنامە/ ١٠٨٥٦٢٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٧٣٩١٠ هەولێر بارهەلگر جۆری مارسیدس تریلە براد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ١٠٤
ڕێکەوت: 2019/9/22
ئاگادارى
لەسەر داواى بریکارى هاوولاتى (ولید محمد حسن) بریکارداری هاوولاتى (ابوبکر شیخ محمد باپیر) سەرۆکایەتى لێژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەى ناو:- لە (همین معروف عثمان) بۆ (همینە معروف عثمان) لە بڕیارى تەسویەى پارچە زەویەکانى ژمارە (٧٣ ، ٤١٣) کەرتى /٧ تل الخیم الکبیر، کە لەسالانى تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرلێستکارى هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەى ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەى (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەى ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەى ئەنجام ددەدات بەپێى یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکى لیژنە
***
دادگاى بەرایى کەسى دەشتى هەولێر
ژمارەى داوا: ٥٣٠/ش/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (یلینا فلادیمیر تۆکار) شوێنى دانیشت نادیارە
ئەم دادگایە بریارى دا لەڕۆژى (2019/9/17) لە داواى ژمارە (٥٣٠/ش/٢٠١٩) بە (پەسندکردنى تەڵاق) وە لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتن نادیارە بەپێى ئیشعارى موختارى سنورى (گەرەکى زانیان و هەڤالان) بۆیە دادگا بریارى دا کە پێت رابگەیەنرێت لە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆیى وە تۆش مافى پێداچوونەوە و ناڕەزاییت هەیە لە ماوەى یاسایى دا وە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى بنبر وەردەگرێت بەپێى یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
***
دادگاى بەرایى هەولێر/٦
ژمارە:١٣٤٢/ب/٢٠١٩/٦
ڕێکەوت:2019/9/18
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاروان قادر کریم)
داواکار (سوسن ابراهیم فرج اللە) داواى ژمارە (١٣٤٢/ب/٢٠١٩/٦)ى لە ئەم دادگایە تۆمارکردووە, لەسەر داوالێکراو (کاروان قادر کریم) ئەم دادگا لە دادبینى ڕۆژى 2019/9/4 بڕیارى دا بەپابەندکردنت بەدانى بڕى پارەى (١٢٩٠٠٠٠٠) دوانزە ملیۆن و نۆ سەد هەزار دینار، وە خستنە ئەستۆى تێچووى داوا و ماندووبوونى پارێزەرایەتى، لەبەر ئەوەى تۆ شوێنى دانیشتنت نادیارە بە پێى اشعارى موختارى هەولێر/ گەرەکى ژیان لە 2018/6/26 بۆیە ئەم دادگایە بڕیارى دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ڕۆژانەى ناوخۆیى بۆ مەبەستى پێ ڕاگەیاندنت وە مافى ناڕەزایى (اعتراض) وە تێپەڕچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لە ماوەى (٣٠) سى ڕۆژ لە بڕیارى پاشملەى دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى بنبرو کۆتایى بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى بنبرو کۆتایى وەردەگرێت.
دادوەر/ حسین علی محمد
***
ئاگادارى
بەڕێوەبەرایەتى ئەندازەى پارکەکانى هەولێر لەڕێگاى لیژنەى زیادکردنى ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە بەکرێدانى کۆشکى ژمارە ١ یەك لە پارکى (کرێسوە) لەڕێگاى زیادکردنى ئاشکرا بۆ ماوەى ١ یەك ساڵ بەپێى یاساى ژمارە ٣٢ى ساڵى ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ى نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتى 2019/10/24 لەنار دیوانى بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك تارەزووى بەشدارىکردنى هەیە سەردانى بەڕێوەبەرایەتیان بکات بۆ دانانى بارمتە (تأمینات)ى یاسایى، کرێگرتە و پارەى بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆى.
ڕاگەیاندنى بەڕێوەبەرایەتى ئەندازەى پارکەکانى هەولێر
***
ئاگادارى
وەزارەتى دارایى و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانى ڕووبەرى (٤٥٠)م٢ لە پارچە زەوى ژمارە (١/١) ك (٤١) قەرێتاغ لەنار کۆمەڵگاى کۆگاکان، بەمەبەستى دروست کردنى کۆگا بۆ ماوەى (٢٥) بیست و پێنج ساڵ بە زیاد کردنى ئاشکرا بە پێى یاسایى ٣٢ ساڵى ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایى دارایى ژمارە (٥) ى ساڵى ١٩٨٦ جا هەر کەسێك تارەزووى بەشدارى کردنى هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتى خانووبەرەى میرى لە هەولێر بدات لە ماوەى (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژى دواى بڵاوکردنەوەى سەعات (١٠) ى سەر لە بەیانى بە مەرجێك بارمتەى یاسایى (٢٠٪) یەدەگى پێى بێت لەبرى پارەى خەملێنراو گشت خەرجیەکانى بەکرێ دانیش لە ئەستۆى کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەرى گشتى باجەکان و خانووبەرەى میرى
***
دادگاى بارى کەسى هەولێر
ژمارە: ٤٩/ت/٢٠١٩
بەروار: 2019/9/23
جارِدان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنى ئۆتۆمبێلى ژمارە (٨٣٠٨٠/هەولێر-بارهەلگر) جۆرى (تویوتا پیکەب دەبل قەارە) مۆدێل (٢٠١٠) ڕەنگى (سپى) کەبەناوى خوالێخۆشبوو (بایز حسین بایز) لەڕۆژى 2019/10/9 کاتژمێر (١٢)ى نیوەڕۆ جا هەرکەسێك دەیەوێ بەشدارى کرینى بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنى دیاریکراو وە پارەى یاسایى (١٠٪) لەگەڵ خۆى بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخى (١٢,٥٠٠,٠٠٠) دینار.
دادوەرى یەکەم/ دیار محمد علی
***
دادەها بارى کەسایەتى ل زاخو
ژمارە / ٧٠٨/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتى / 2019/9/22
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : نیچیرڤان صبرى محمد
ل دیف داخوازا داواکار(سولین سلیم یوسف) وکێشا ژمارە (٧٠٨/ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفریق) ، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سیالکا) یا ژمارە (٣٠٤٥) ل (2019/9/18) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخن (سیالکا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارىا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامیت ڕۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠١٩/٩/٣٠) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیارکەرێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکى و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملى هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگاى بارى کەسایەتى / زاخو
ژمارە / ٦٢٤/ش/٢٠١٩
ڕێکەوتى / 2019/9/22
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : جهانکیر عبدالعزیز جهانکیر
ل دیف داخوازا داواکارى (نجلاو جمیل شهباز) وکێشا ژمارە (٦٢٤/ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا پەسەندا مارابرینا دەرەکى ل (٢٠٠١/٨/٧) ناف بەرا تە و داواکارێ ل سەر مارا پیشەکێ (١٠,٠٠٠ دەه هزار دینار عراقى) ومارا پاشەکى (١٩,٥ نوزدە مسقال ونیڤ زیر عیار ٢١) وداخوازا گەهاندنا رەها زاروکى (شیرزاد) کورە دایك بوون (٢٠٠٥/١٢/١) جهێ بوونا وى ل موصل بو تە و بو داواکارى وژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو ڤێ دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ بولیسین بیدار یاژمارە (٢٧٤٩) ل (٢٠١٩/٩/١٧) و نڤیسارا بەربژارێ تاخن (شهیدان ١/) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارىا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامیێت ڕۆژانە دا ئامادە بى ل ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠١٩/٩/٣٠) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیارکەرێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکى و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملى هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگاى بارى کەسایەتى ل زاخو
ژمارە / ٥٠٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوتى / 2019/9/11
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : سلیمان شیخ موسى العبدالله
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٥٠٣/ش/٢٠١٩) ل ڕۆژا (٢٠١٩/٧/٢٥) بکەتنا ڤەبوونا دادى (تفریق قضائى) د ناڤبەرا تە و داواکارى (حنان عبدالرحمن نعمان) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەڤێ یاسایى کو پێتڤیە ئاگەهدارىا تە دەمێ دەرکەتنا بریارى ژى ئاگەهدارىا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامیێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونى یێ هەیى دماوەى یاساییدا و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتى و زەڤى و زار
ژمارە: ٣٠١/٢/٢/ ٥١٣٨
ڕێکەوت: 2019/9/18
ئاگەهدارى
لدویف نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتى یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ (٨٠٥٢ ل ٢٠١٩/٩/١٧) کو ئامادە دایە ب نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانى ل دهوکێ ژمارە (٢٤٢٧ ل ٢٠١٩/٩/١٧) سەبارەت نەخشێ ڕووبکرى یێ هاتیە ئامادەکرن بو پارچە زەڤیا ژمارە (١/٢٦٨٥ کەرتێ ١١ اشکفت مارا) کو ڕەگەزێ وێ لدویڤ نەخشێ ڕووبکرى ژمارە (٢٨١) خزمەت گوزارى یە، لدویڤ یاسایا ڕێڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمى هاوولاتى و جهێن پەیوەندیدار دکەت بو ماوێ (٣٠) سیهۆ ڕۆژا هەر ژ ڕۆژا بەلاڤکرنا ئاگەهدارییێ ل ڕۆژنامێ دا هەر کەسێ شولەژێ ماف هەیە ژبو دیارکرنا نەڕازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەى ڤێ گهورینێ پێشکێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهدارییێ.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەروکێ باژێرڤانیا زاخو
***
دادگاى بارى کەسیتى سلیمانى/١
ژمارە ٣١٩٧/ش/٢٠١٩
بەروار: 2019/9/17
ئاگانامە
داواکار (اڤان محمد عمر) داوایەکى بە ژمارە (٣١٩٧/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمار کردووە لەسەرت وەلەم داوایە داواى(جیابوونەوەى دادوەرى بەهۆکارى جێهێشتنى بێ پاساوى مێرد) دەکات وە لەبەر نادیارى شوێنى نیشتە جێبوونت بە گوێرەى باسى پێتاگەیەنەر و پشتگیرى موختار ،دادگا بریارى دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانەوە. وە ئامادەبونتان لە بەردەم دادگا لە ڕۆژى دادبینى کە دەکەوێ تە بەروارى (٢٠١٩/١١/١٠) سەعات (٩:٠٠)ى سەر لە بەیانى بە پێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان بریکار نەتێرن ئەوا دادگا بە (نائاسایى – غیابى) داواکە ئەبینى بەپێ ى یاسا .
دادوەر/ صالح احمد عبدالله
***
دادگاى بارى کەسایەتى لە دهوك
ژمارە/ ١٠٩٣ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ 2019/9/18
ڕاگەهاندن
بو/داوالێکراو (غازى جمیل مصطفى) ل دیف داخازیا داواکار (منتهى عبدالکریم طاهر) وکێشا ژمارا وێ ل سەرى دیار کرى تێدا داخازیا (تفریق للهجر) کرى وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجى بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ دهوك محلە تناهى ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارىا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامیێت ڕۆژانە دا ئامادە بى ل ڕۆژا ٢٠١٩/٩/٣٠ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملى هێتە کرن
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
***
بەڕێوەبەرایەتى جێ بەجێکردنى دهوك
ژمارە / ٣٥٧ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ 2019/9/23
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (اسماء عادل احسان)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبى لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژى دێ نەچارى ڕێکێن یاسایى پێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کارى داد)
***
بەڕێوەبەرایەتى جێ بەجێکردنى دهوك
ژمارە / ٧٠٧ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ 2019/9/22
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (زمن جمعة مصطفى احمد)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبى لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژى دێ نەچارى ڕێکێن یاسایى پێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کارى داد)
***
دادگاى بارێ کەسایەتى ل دهوك
ژمارە/ ١٠٢٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ 2019/9/22
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهدارى
بۆ داوالێکراو (دعاء فواد فاروق) داواى ژمارە (٢٠٠/ش/٢٠١٩) تومارکردووە دەرهەق بە تو لە بەردەم دادگاکەمان کە تایبەتە بە لێك جیابوونەوە (تفریق) ولەبەر دیارنەبوونى شوێنى نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریارى دا بە ئاگادار کردنەوەت لە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆییەوە تاکو ئامادەبى لە بە بەردەم دادگاکەمان سەر لە بەیانى ڕۆژى(٢٠١٩/١٠/٨)کە دیاریکراوە بۆ دادبینى یا ناردنى بریکارێك لە جیاتى خۆت وە بە پێچەوانەوە دادگا هەڵدەستێت بە دادبینى پا شملە دەرهەق بەتۆ وبەپێى یاسا بریارى پێویست دەردەکات
دادوەر / رمزى عبدالله اسلام
***
دادگاى کاروبارى کەسى ئاکرێ
ژمارە/ ١١ /مواد شخصیە/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٢ /2019/9
بۆ/داوالێکراو (فریال بویا قاقوس)
ب/ ئاگادارى
داواکار (انیس سوریش لوقا) داواى ژمارەى سەرەوەى دەرهەق بە تۆ تومارکردووە لە بەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوا سەرى دیارکرى ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / زیرڤان احمد حسین
***
بەڕێوەبەرایەتى جێ بەجێکردنى دهوك
ژمارە / ٧٠٧ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ 2019/9/22
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (زمن جمعة مصطفى احمد)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبى لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیة) وبەروڤاژى دێ نەچارى ڕێکێن یاسایى پێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کارى داد)
***
بەڕێوەبەرایەتى ئەندازەى پارکەکانى هەولێر لەڕێگاى لیژنەى زیادکردنى ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە بەکرێدانى کۆشکى ژمارە ١ یەك لە پارکى (کرێسوە) لەڕێگاى زیادکردنى ئاشکرا بۆ ماوەى ١ یەك ساڵ بەپێى یاساى ژمارە ٣٢ى ساڵى ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ى نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکەوێتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتى 2019/10/24 لەنار دیوانى بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك تارەزووى بەشدارىکردنى هەیە لە بەڕێوەبەرایەتیان بکات بۆ دانانى بارمتەى یاسایى (تأمینات)ى یاسایى، کرێگرتە و پارەى بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆى.
ڕاگەیاندنى بەڕێوەبەرایەتى ئەندازەى پارکەکانى هەولێر
***
ئاگادارى
بەڕێوەبەرایەتى ئەندازەى پارکەکانى هەولێر لەڕێگاى لیژنەى زیادکردنى ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە بەکرێدانى کۆشکى ژمارە ١ یەك لە پارکى (کرێسوە) لەڕێگاى زیادکردنى ئاشکرا بۆ ماوەى ١ یەك ساڵ بەپێى یاساى ژمارە ٣٢ى ساڵى ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ى نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکەوێتە ٣٠ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتى 2019/10/24 لەنار دیوانى بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك تارەزووى بەشدارىکردنى هەیە لە بەڕێوەبەرایەتیان بکات بۆ دانانى بارمتەى یاسایى (تأمینات)ى یاسایى، کرێگرتە و پارەى بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆى.
ڕاگەیاندنى بەڕێوەبەرایەتى ئەندازەى پارکەکانى هەولێر

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیاى (TRAVEL NETWORK SABRE) بۆ دەست بەسەر داگرتنى گەشت/سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاکانى هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتى ماجستى) بۆ یەکلایکردنەوەى کێشەکان.

پشتیوان مصطفى قادر

بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیاى (R.T.R.W) بۆ بازرگانى گشتى /سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاکانى هەولێر بکاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سایدى بەختیارى- تەنیشت سوپەرمارکێتى ماجستى) بۆ یەکلایکردنەوەى کێشەکان.

پشتیوان مصطفى قادر

بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکان هەولێر

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ۷۹٦/ت/۲۰۱۹
رۆژ: ۲۰۱۹/۹/٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: حسن عمر محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت بەپێی ماددەی (٤۰٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئاسایشی رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۲/۲۲ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ۱٤۰/ت/۲۰۱۹
رۆژ: ۲۰۱۹/۸/۲۷
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: زانا مشیر ابراهیم
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (۳۹٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۱/۲٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۲
ژمارە: ۹٤۸/ت/۲۰۱۹
رۆژ: ۲۰۱۹/۹/۲
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: هۆشیار طارق حسن، طارق حسن خضر ، ناظم طارق حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤۰٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بنگرد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۱/۲٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۲
ژمارە: ۵۹۰/ت/۲۰۱۹
رۆژ: ۲۰۱۹/۸/۵
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ریباز نجم الدین خضر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (۲۸۱) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ی. ئاسایشی دوکان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۰/۳۰ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای کەتنی سلێمانی/۵
ژمارە: ٦۱۹/ك/۲۰۱۹
رۆژ: ۲۰۱۹/۹/۵
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد علی محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤۵٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۲/۱۰ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ۵٦۰/ت/۲۰۱٦
رۆژ: ۲۰۱۹/۹/۲
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هوراز رحمن حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (۳ لەش فرۆشی) لەیاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە ۸ی سالی ۱۹۸۸ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۲/۱۰ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۲
ژمارە: ۲۷۰/ت/۲۰۱۹
رۆژ: ۲۰۱۹/۹/۵
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عادل کریم چنانی
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (۲٤) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (عەربەت) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۲/۱۱ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۲
ژمارە: ۹٤۸/ت/۲۰۱۹
رۆژ: ۲۰۱۹/۹/۲
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: هۆشیار طارق حسن، طارق حسن خضر ، ناظم طارق حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی ماددەی (٤۰٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بنگرد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۱/۲٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۲
ژمارە: ۵۹۰/ت/۲۰۱۹
رۆژ: ۲۰۱۹/۸/۵
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ریباز نجم الدین خضر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (۲۸۱) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ی. ئاسایشی دوکان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۰/۳۰ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای کەتنی سلێمانی/۵
ژمارە: ٦۱۹/ك/۲۰۱۹
رۆژ: ۲۰۱۹/۹/۵
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد علی محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤۵٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ۲۰۱۹/۱۲/۱۰ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / زیاد بشیر محمد علی
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ۱۷۹/ك/۲۰۱۹
رێکەوت:۲۰۱۹/۹/۱
ئاگاداری
سکاڵاکار/ سەرباز عبدالله محمود
تۆمەتبار/ شەمال حسن عولا
بۆ تۆمەتبار شەمال حسن عولا کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی ۲۰۱۹/۱۲/۲۹ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ۱٦۲/ك/۲۰۱۹ بەپێی ماددەی (٤۰۰) لەیاسای سزادانی ژمارە (۱۱۱)ی سالّی (۱۹٦۹) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جبار رضا احمد
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ۸٦/ك/۲۰۱۹
رێکەوت:۲۰۱۹/۷/۳۰
ئاگادارکردنەوە
بۆ تاوانباری راکردوو/ ابراهیم جاسم المرعی- کەپێشتر دانیشتووی (هەولێر) بوویت و نێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
لەبەر ئەوەی لە رۆژی دادگاییکردنت لە ۲۰۱۹/۷/۳۰ ئامادەنەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بەپاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (۸٦/ك/۲۰۱۹) و بریاردرا بەتاوانبار کردنت بەپێی ماددەی (٤۰) لە یاسای مانەوەی بێگانەکان ژمارە (۷٦)ی سالّی ۲۰۱۷ دیارکردنی سزاکەت بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ، و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچوونەوە پێویستە خۆت رادەستی نزیک ترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بەبریارەکە بەگوێرەی یاسا، لەماوەی یاسایی دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.
دادوەر/ جبار رضا احمد
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ۸۵/ك/۲۰۱۹
رێکەوت:۲۰۱۹/۷/۳۰
ئاگادارکردنەوە
بۆ تاوانباری راکردوو/ صهیب مصطفی شامی- کەپێشتر دانیشتووی (هەولێر) بوویت و نێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
لەبەر ئەوەی لە رۆژی دادگاییکردنت لە ۲۰۱۹/۷/۳۰ ئامادەنەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بەپاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (۸۵/ك/۲۰۱۹) و بریاردرا بەتاوانبار کردنت بەپێی ماددەی (٤۰) لە یاسای مانەوەی بێگانەکان ژمارە (۷٦)ی سالّی ۲۰۱۷ دیارکردنی سزاکەت بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ، و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچوونەوە پێویستە خۆت رادەستی نزیک ترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بەبریارەکە بەگوێرەی یاسا، لەماوەی یاسایی دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.
دادوەر/ جبار رضا احمد
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ۸٤/ك/۲۰۱۹
رێکەوت:۲۰۱۹/۷/۳۰
ئاگادارکردنەوە
بۆ تاوانباری راکردوو/ محمد عبدالکریم الرحمو الکباری- کەپێشتر دانیشتووی (هەولێر) بوویت و نێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
لەبەر ئەوەی لە رۆژی دادگاییکردنت لە ۲۰۱۹/۷/۳۰ ئامادەنەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بەپاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (۸٤/ك/۲۰۱۹) و بریاردرا بەتاوانبار کردنت بەپێی ماددەی (٤۰) لە یاسای مانەوەی بێگانەکان ژمارە (۷٦)ی سالّی ۲۰۱۷ دیارکردنی سزاکەت بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ، و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچوونەوە پێویستە خۆت رادەستی نزیک ترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بەبریارەکە بەگوێرەی یاسا، لەماوەی یاسایی دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.
دادوەر/ جبار رضا احمد
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ۸٤/ك/۲۰۱۹
رێکەوت:۲۰۱۹/۷/۳۰
ئاگادارکردنەوە
بۆ تاوانباری راکردوو/ محمد بسام ممدوح- کەپێشتر دانیشتووی (هەولێر) بوویت و نێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
لەبەر ئەوەی لە رۆژی دادگاییکردنت لە ۲۰۱۹/۷/۳۰ ئامادەنەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بەپاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (۸۵/ك/۲۰۱۹) و بریاردرا بەتاوانبار کردنت بەپێی ماددەی (٤۰) لە یاسای مانەوەی بێگانەکان ژمارە (۷٦)ی سالّی ۲۰۱۷ دیارکردنی سزاکەت بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ، و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچوونەوە پێویستە خۆت رادەستی نزیک ترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بەبریارەکە بەگوێرەی یاسا، لەماوەی یاسایی دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.
دادوەر/ جبار رضا احمد
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ۸٤/ك/۲۰۱۹
رێکەوت:۲۰۱۹/۷/۳۰
ئاگادارکردنەوە
بۆ تاوانباری راکردوو/ محمد بسام ممدوح- کەپێشتر دانیشتووی (هەولێر) بوویت و نێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
لەبەر ئەوەی لە رۆژی دادگاییکردنت لە ۲۰۱۹/۷/۳۰ ئامادەنەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بەپاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (۸٤/ك/۲۰۱۹) و بریاردرا بەتاوانبار کردنت بەپێی ماددەی (٤۰) لە یاسای مانەوەی بێگانەکان ژمارە (۷٦)ی سالّی ۲۰۱۷ دیارکردنی سزاکەت بەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ، و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچوونەوە پێویستە خۆت رادەستی نزیک ترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بەبریارەکە بەگوێرەی یاسا، لەماوەی یاسایی دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.
دادوەر/ جبار رضا احمد
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ۱۷۱٦۰
رێکەوت: ۲۰۱۹/۹/۲۲
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TRAVEL NETWORK SABRE) بۆ دەست بەسەر داگرتنی گەشت/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (TRAVEL NETWORK SABRE) بۆ دەست بەسەر داگرتنی گەشت/سنوردار) لە رێکەوتی (۲۰۱۹/۹/۱۷) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (دانا خطاب عمر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (۱٦۰) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالّی ۱۹۹۷ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ۲۰۱۹/۹/۲۲
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ۱۳۰٤٦
رێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۱٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (R.T.R.W) بۆ بازرگانی گشتی / سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (R.T.R.W) بۆ بازرگانی گشتی /سنوردار) لە رێکەوتی (۲۰۱۹/۷/۸) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ریبان احمد عمر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (۱٦۰) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالّی ۱۹۹۷ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ۲۰۱۹/۷/۱٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

Invitation to Bid (ITB)

Establishment of a frame agreement for supply of toners and cartridges for UNHCR Offices in Iraq

1. Requirement:
The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Iraq invites qualified suppliers to make a firm offer for the establishment of a frame agreement for supply of toners and cartridges for UNHCR Offices in Iraq.

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents Available at the UNGM Link below
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/429	Establishment of a frame agreement for supply of toners and cartridges for UNHCR Offices in Iraq	https://www.ungm.org/Public/Notice/97291 The ITB Documents can also be requested by sending an email to irqbasup@unhcr.org. Please insert HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/429 in the subject heading

2. IMPORTANT DATES FOR THIS ITB:

DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq)	ACTION REQUIRED
22 Sep 2019	Issuance of the tender notice
09 Oct 2019 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Closing date for clarifications
22 Oct 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Deadline to submit your complete offer for this ITB

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

اتفاقية تجهيز احبار طابعة لمكاتب مفوضية الامم المتحدة لشؤون اللاجئين في العراق

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتأسيس اتفاقية تجهيز احبار طابعة لمكاتب مفوضية الامم المتحدة لشؤون اللاجئين في العراق.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/429	اتفاقية تجهيز احبار طابعة لمكاتب مفوضية الامم المتحدة لشؤون اللاجئين في العراق	https://www.ungm.org/Public/Notice/97291 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/429

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	9 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	22 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال ارسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG



39 یەمین ساڵوەگەڕی جەنگە خوێناوییەکەی ئێران - عێراق

39 ساڵ تێدەپەڕێت بە سەر جەنگی خوێناوی ئێران عێراقدا کە لە 1980 دەستی پێکرد و ماوەی هەشت ساڵی خایاند، هێشتا مشتومڕ لەبارەی جەنگەکەوە بەردەوامە و هێشتا تاڵاوەکانی ئەم جەنگە لە یادەوەری خەڵکدا نەسڕاونەتەوە.جەنگی یەکەمی کەنداو کە لەلایەن حکوومەتی بەعسەوە بە "قادسیەی سەددام" و لای ئێرانیش بە "بەرگریی پیرۆز" ناسرا وەک یەکێک لە ڕووداوە هەرە گرنگەکانی سەدەی 20 چووە ناو میژوو.

هۆکاری جەنگەکە بۆ کێشەی سنوور، دەنگۆکانی دەستوەردانی کاروباری ناوخۆ و تۆمەتەکانی "گواستنەوەی شۆڕش" بە هێرشکردنە سەر هەردوو شاری ئەبادان و خورەمشەهیری پاریزگای خوزستانی ئێران لە 22ی ئەیلوولی 1980 دەستی پێکرد.هەرچەند هیچ یەکێک لەو ولاتانە لە جەنگەدا سەرکەوتوو نەبوو بەڵام بووە هۆی کارەساتێک کە یەک ملیۆن کەس گیان لەدەست بدەن.بە بۆچوونی سەددام حوسێن کە لە دوای داگیرکردنی عێراق لە 2003 لە لایەن ئەمریکاوە لە دەسەڵات لادرا، خومەینی لە هەوڵدابووە شۆڕشێکی هاوشێوەی ئێران لە عێراقدا ئەنجام بدات، بە بۆچوونی خومەینیش سەددام پێی وابووە ئێران لە دوای شۆڕش لاوازبووە و هەوڵی داوە بە پشتیوانی ولاتانی عەرەبی ئێران داگیر بکات.ئێران بەمەبەستی گواستنەوەی شۆڕشەکەی بۆ دەرەوە لە تەواوی جیهانی ئیسلامی ڕێکخراوی دامەزراند و بوودجەیەکی باشی بۆ تەرخان کرد. یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی خومەینیش "جیهان دەبێ لەبەرامبەر ستەمکاری داگیرکاری و دیکتاتۆریەت ڕابپەڕێت" بوو. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوەکانی وەک حزبوللای لە لوبنان و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین دامەزراند.

خومەینی کە دوای ئەوەی لەلایەن شای ئێرانەوە پێش 1965 دوای تورکیا بۆ عێراق دوورخرایەوە ماوەیەکی زۆر لە عێراق مایەوە و تا 1978 کە چووە پاریس پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کەسایەتییە شیعە بەناوبانگەکانی عێراق پەیدا کردبوو. ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراقیش لە 1982 بە سەرکردایەتی باپیری عەممار حەکیم، سەید محەمەد باقر حەکیم لە ئێران دامەزرێندرا.ئێران ژمارەیەک ڕێکخراوی دیکەی هاوشێوەیشی لە دژی سەددام دامەزراندبوو و سەددامیش ئەوانەی وەک نموونە بۆ پاساوەکانی دەهێنایەوە.ئاوی شەتولعەرەب کە خاڵی بەیەکگەیاندنی دیجلە و فورات ماوەیەکی دوورودرێژ بوو ببووە هۆی ناکۆکی نێوان ئێران و عێراق و بەم هۆیەوە پشتگیری گرووپە چەکدارەکانی دژی یەکتریان دەکرد و تا وای لێهات جەنگێکی هەشت ساڵەی بەدوادا بێت.هەرچەند بەپێی پەیماننامەی سنووری 1937 لە نێوان هەردوو ولاتدا ئێران شەتولعەرەبی بۆ عێراق جێهێشت، بەڵام ڕازینەبوونی ئێران بەمە لە ساڵانی دواتردا گرژی لە نێوان هەردوو ولاتدا لێکەوتەوە. دواتر لەسەر داوای ئەمریکا لە 1975 سەددام و محەمەد ڕەزا شا لە جەزائیریان ڕێککەوتننامەی جەزائیریان واژۆ کرد بۆ دابەشکردنی ئاوی شەتولعەرەب لە نێوان خۆیاندا.هەرچەند ئەمە کۆتایی بە ناکۆکییەکانی ئەم دوو ولاتە نەهێنا، بەڵام پێکدادانیشی لێنەکەوتەوە بەڵام شۆڕشی ئێران بە سەرۆکایەتی ئایەتوللا خامنەیی لە 1979 بووە هۆی پچڕانی هەموو پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئێران و عێراق.هەرچەند شەتولعەرەب بە هۆکاری جەنگەکەش بزاندرێت، وڵاتانی عەرەبی سوننە لە ترسی بڵاوبوونەوەی تەوژمی شیعەگەری و سەرچاوەی هاندانی ئەو تەوژمە پشتیوانییەکی بەرفراوانی سەددامیان کرد تا جەنگ لەگەڵ ئێران هەڵبگیرسێنێت.

لە جەنگەکەدا تاران و بەغدا بۆردومان کران

ئێران دەڵێت لە 4ی ئەیلوول عێراق لە سنووری وشکانییەکانەوە هێرشی کردووە.میدیاکانی ئێران بانگەشەی ئەوەیان کردبوو، بەرلە 22ی ئەیلوول حکوومەتی بەعس هێرشی ئاسمانی و زەمینیی بۆ سەر ئێران دەستپێکردووە، بەڵام سەرکۆماری ئەوکاتەی ئێران ئەبوحەسەن بەنی سەدر لەماڵەکەیدا دەستبەسەر بوو. مونتەزەری لەبارەی ڕووداوەکەوە ئەوانەی باس کرد، "نوێنەرەکانی ڕۆنالد ریگن بەنهێنی هاتنە تاران و مامەڵەی چەکیان ئەنجامدا. من نارەزایی لەمە دەربڕی. گوتم بەو چەکەی لە ئیسرائیل کڕیومانە لەگەڵ عێراق بجەنگێن؟ ئەمە هەڵەیە. چونکە ئەمریکا لەڕێگەی ئیسرائیلەوە چەکی بە ئێران دەفرۆشت. گوتم کارێکی هەڵەیە چەک لە ئیسرائیلی دژی ئیسلام بکڕین و دژی موسڵمانانی عێراق پێی بجەنگین. شەوێکیش کە لەماڵی خومەینی کۆبوونەوە، باسم لەوە کرد کە کڕینی چەک لە ئیسرائیل هەڵەیە. ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەیەکی لوبنانی بڵاوبووەوە و بەرپرسان زۆر بەمە تووڕەبوون. لەبەرئەوە مەهدی هاشمیان دادگایی کرد و لەسێدارەیان دا.

هەڵوێستی ولاتانی ناوچەکە

تورکیا بەدرێژایی جەنگ بێتلایەن بوو و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو ولات درێژە پێدا. سعوودیە و ولاتانی دیکەی عەرەبی لە کەنداو لایەنگری سەددام بوون و سووریاش لایەنگری ئێران بوو. بەپێی گێڕانەوەکانی مونتەزەری، هەوڵەکانی هەشتەمین سەرکۆماری تورکیا، تورگوت ئۆزال و سەرۆکی ئەوکاتەی فەڵەستین، یاسر عەرەفات بۆ ئاشتی بێ ئەنجام بووە و جەنگ بەردەوام بووە.

جەنگێکی خوێناویی بێ بڕاوە

ئەو جەنگە کە گیان لەدەستدانی نزیکەی ملیۆنێک کەس، بریندارببونی دوو ملیۆن و زیانی ماددیی 150 ملیار دۆلاری لێکەوتەوە، بەدیلگرتنی سەدان هەزار کەس و بێ سەروشوێن بوونی دەیان هەزاری دێکەشی لێکەوتەوە و هەردوو ولاتی ڕووبەڕووی وێرانکاریی قورس کردەوە. بەپێی بڕیاری ژمارە 598ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەردوو ولات پێی ڕازی بوون، 20ی ئابی 1988 کۆتایی بە جەنگەکە هێنرا.

خومەینی بۆ دیداری ئاشتی سەرکۆماری پێشووتر، عەلی هاشمی ڕەفسنجانیی ڕاسپارد و ڕێککەوتنەکەی هێنده بەلاوە سەخت بوو، بە "خواردنەوەی جامێک ژەهر" ناوببرد. لەماوەی چەند هەفتەیەکدا هێزەکانی ئێران خاکی عێراقیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ ئەو سنوورەی لە ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975دا دیاریکراوە.

هەرچەندە بەپێی بڕگەی سێیەمی ڕێککەوتنەکە دەبوو دەستبەجێ هەردوولا دیلەکان ئازاد بکەن، بەڵام ئاڵوگۆڕی دیلەکان لەساڵی 2003دا جێبەجێ کرا. هەرچەندە هەردوولا ڕێککەوتوون، لەبەرئەوەی لایەنی هەڵگیرسێنەری جەنگەکە عێراقە، ئێران لەکاتی گرژیی پەیوەندییەکاندا کارتی قەرەبووی جەنگ بەکاردەهێنێت. هەر چەند کاتژمێرێک دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی بەر لە کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند کە بەناچاری پابەند دەبن بە سزاکانی سەر ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە، بەرپرسانی ئێران کارتی قەرەبووی جەنگیان خستە نێو ڕۆژهەڵاتەوە.ئێران کە لایەنێکی جەنگەکەیە، تا ئەمڕۆ نزیکەی 250 فیلمی سینەمایی و دەیان کتێبی لەسەر جەنگەکە دەرکردووە و چەندین موزەخانەی کردووەتەوە و ساڵانە چەندین ڕێوڕەسم ڕێکدەخات.

22 بۆ 29ی ئەیلوول هەفتەی "بەرگریی پیرۆز"ە لە ئێران و تێیدا چەندین چالاکیی و نمایشی سەربازی ئەنجامدەدرێت.

39 ساڵ تێدەپەڕێت بە سەر جەنگی خوێناوی ئێران - عێراقدا کە لە ساڵی 1980 دەستی پێکرد و ماوەی هەشت ساڵی خایاند، هێشتا مشتومڕ لەبارەی جەنگەکەوە بەردەوامە و هێشتا تاڵاوەکانی ئەم جەنگە لە یادەوەری خەڵکیدا نەسڕاونەتەوە.



ئەمڕۆ لە میژوودا



ساڵی 1905:
سوید بە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی نەرویژ ڕازی بوو .



ساڵی 1973:
لەژێر ناوی غینیا بیساودا ،غینیا سەربەخۆیی خۆی لە پورتوگال ڕاگەیاند .



ساڵی 1996:
سەبارەت بە وەستاندنی تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکان ئەمەریکا و ڕووسیا و بەریتانیا و فەرەنسا و چین پەیماننامەیەکیان واژۆ کرد .



ساڵی 2007:
بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی دژی حکوومەت، سەد هەزار کەس لە بۆرما هەڵڕژانە سەر شەقام .



ساڵی 2010:
لە تونس دوو شەمەندەفەر بەر یەک کەوتن و لە ئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەست دا و 75ی دیکە بریندار بوون .



ساڵی 2011:
لە ئیمارات هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئیتیحادی ئەنجام درا و 469 ئەندام خۆیان کاندید کردبوو.

www.xebat.net
ژمارە (5834) 2019/9/24 سێ شەممە

ئەگەر شەڕی ئەتۆمی لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا ڕووبدات چ مەرگەساتێکی لێدەکەوێتەوە؟

ئا: خالید گەردی

شارەزاو توێژەرەوان پێیان وایە لەگەڵ زیاتربوونی ناکۆکیی و ململانێ سیاسی و ئابووریيەکانی وڵاتە زلهێزەکان لە لایەک و یەک نەگرتنەوەو لێک دووری بەرژەوەندیی و ئامانجە ستراتیژییەکانیان لە ماوەی دوو سالی ڕابردوودا لەناوچە جیاجیاکانی جیهان لە لایەکی دیکەدا، هەروەها چوونە دەرەوەی هەریەک لە ڕووسیاو ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی دامالێنی چەکی ناوکیی و هەوڵی بێ وچانیان بۆ پەرەپێدان و بەرفراوانترکردنی جبەخانەکانی چەکی ناوکییان، کۆی ئەم هۆکارانە کەشێکی وای هێناوەتە ئاراوە، ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ناوکیی لە دژی یەکتر زیاتر بێت.



ژمارەی کوژراوانی شەڕی ناوکیی تۆقێنەرە!

لەمبارەیەوە تیمێک لە توێژەرەوان هەڵساون بە پەرەپێدانی نموونەیەکی لاسایی کردنەوەی تۆقێنەر لەسەر چۆنیەتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوکی لە نێوان ئەمەریکاو هاوپەیمانی ناتۆ لەگەڵ ڕووسیا. ڕۆژنامەی (دەیلی میلی بەریتانی) بڵاوی کردۆتەوە توێژەرەوەکان لە شیکردنەوەکەیاندا پشتیان بە زانیاری دروست لەسەر پێگەکانی چەکی ناوکیی و ئامانجەکان و پێشبینییەکان بەستووە. دەرکەوتووە تەنیا لە ماوەی سێ کاتژمێری یەکەمدا (34.1) ملیۆن مرۆڤ لە ناو دەچێت و (55.9) ملیۆن بریندار دیکەشی لێدەکەوێتەوە، ئەو ژمارانەی سەرەوە ئەو قوربانیانە ناگرێتەوە کە لەڕێر کاریگەری ناراستەوخۆی بۆمبە ناوکییەکان گیان لە دەست دەدەن،هەر بەپێی نموونە گریمانییەکە، لە ماوەی (180) خولەکی یەکەمدا ئەوروپا خاپوور دەبێت، ژمارەی کوژراوان و بریندارانیش دەگاتە نزیکەی (2.6) ملیۆن کەس. دواتر لە ماوەی 90 خولەکی دیکەدا، هەر یەک لە شارە سەرەکییەکان لە ئەمەریکاو ڕووسیا لە نێوان (5تا 10) بۆمبی ناوکیی ئاراستەیان دەکرێت و نزیکەی (88.7) ملیۆن کوژراو بریندار لێدەکەوێتەوە.هەر بە پێی نموونە نزیک کراوەکەی توێژەرەوان ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی دیکەش وەک ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە باشووری گۆی زەوی و ئەسکتلەندا لەبەر ئەوەی ئامانجی ڕاستەوخۆی چەکی ناوکی دەبن لەناکاو لەناودەچن. ئەمە جگە لە کاریگەری و دەرهاوێشتە درێژ خایەنەکانی لەسەر ژینگەی ئاوو هەوای زەوی و دانیشتوانەکەی و بەرهەمی خۆراک بە ئاستێکی بەرفراوان.

ئاسەواری تۆقێنەر و فەنابوونی مرۆڤایەتی

مەبەستی سەرەکیی ئەو تیمەی کە ئەلیکس گلیسەر شارەزای ئەندازیاری و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی برنستون و هاوکارەکانی پارچە فیدیۆ گریمانییەکەیان لەسەر هەڵگیرسانی شەڕی ناوکیی بەرهەم هێناوە ناوی (پلانی ئەلف)یان لێناوەو ماوەکەی تەنیا چوار خولەکە، ئەوە بووە تیایدا دیمەنێکی نموونەیی نزیک کراوە لە سەر هەقیقەتی زیانەکانی شەڕی ناوکییان بخەنەڕوو و تیشک بخەنە سەر ئەو ئاکامە ترسناک و پر لە کاوڵکارییەی لە ئاکامی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی چەکی ناوکی لە نێوان هەردوو جەمسەر، ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە. لەم کارەیاندا تەنیا پشتیان بە هەڵسەنگاندنە سەرچاوە جۆراو جۆرە سەربەخۆکان لەسەر توانا سەربازییەکانی ئێستای ئەمەریکاو ڕووسیا و پلانەکانی شەڕی ناوکی و ئامانجەکانی ئەو چەکانە بەستووە. تیایدا زانیاری تا ڕادەیەک وردیان لەسەر ژمارەی ئەو چەکە ناوکیانەی ئێستا بڵاوکراونەتەوە لەگەڵ توانای خاپوورکارانەی هەر یەک لەو چەکانەو هەروەها ئەو پلانە چاوەڕوانکراوەی کە پێشبینی دەکرێت لە شەڕێکی لەمجۆرە بگرنە بەر، خستوتە ڕوو.سەرەتا شەڕەکە وەک ئاگڕی پوش چەکی تەقلیدی سەرهەڵدەدات، بە پێی سیناریۆی فیدیۆکە سەرەتا ڕووسیای بەمەبەستی ڕێگاگرتن لە پێشڕەوی ئەمەریکاو ناتۆ بۆمێکی هۆشداری دان لە بنکەیەکی سەربازی لە کالینینگراد لە دەریای ڕەشەوە دەهاوێژێت، لەبەرامبەریشدا وەک وەڵامدانەوەیەک لەسەر هۆشداریيە ناوکییەکەی ڕووسیا، ناتۆش بە یەک لێدانی تەکتیکی وەڵامی ڕووسیا دەداتەوە، دواتر شەڕەکە وەک ئاگڕی پوش وپەلاش پەرە دەسێنێت و تەواوی ئەوروپا دەگرێتەوە.تۆێژەرەوان پێشبینیان کردووە لەم قۆناغەدا ڕووسیا نزیکەی (300) بۆمبی ناوکیی لە ڕێگای فڕۆکەو ڕۆکێتی مەودا مامناوەند ئاراستەی بنکەکانی ناتۆو هێزەکانی بەرەی پێشەوەی بکات، لەبەرامبەریشدا ناتۆ بە (180) چەکی ناوکی لە ڕێگای فڕۆکە جەنگییەکانەوە دژی ڕووسیا بەکار بێنێت، دواتر هاوپەیمانی ناتۆ کەشییە سەربازییەکانی ئەمەریکاو ئەوروپا بەمەبەستی ئەنجامدانی پەلامارێکی ستراتیژی جوڵە پێبکات تا توانا ناوکییەکانی ڕووسیا لەناو ببات لەم پەلامارەشیدا نزیکەی (600) کلاوەی ناوکیی بەکار دێنێت.شارەزایان پێشبینیان کردووە لەم قۆناغەدا کە ماوەکەی تەنیا 45 خولەک دەخایەنێت دەورووبەری (3.4) ملیۆن کەس گیان لەدەست بدەن.لە قۆناغی کۆتایی شەرە ناوکییەکەش، هەردوو لایەن شارە گەورەکانی یەکتر ئەوانەی بە شادەماری ئابووری لەقەڵەم دەدرێن و ژمارەی داشنیشتوانیان زۆرە دەکەنە ئامانج، کە هەر شارێک لە نێوان پێنج تا دە بۆمبی ناوکی ئاراستە دەکرێت. شارەزایان پێشبینیان کردووە لە پەلامارێکی لەمجۆرە تەنیا لە ماوەی 45 خولەک (85.3) ملیۆن قوربانی لێبکەوێتەوە. ئەو ژمارەیەش ئەو قوربانیانە ناگرێتەوە کە دواتر بەهۆی کاریگەری و ئاسەواری دریژخایەنی دزەکردنی تیشکی چەکە ناوکییەکان بۆ سەر ژینگە و بەرهەمی خۆراکی گیان لەدەست دەدەن. ئەمە جگە لە کاریگەری مەرگهێنەری ئەو چەکانە بۆ سەر تەواوی دەرخت و دارستان و ئاژەڵ و ئاو و هەوا، کە لە ئاکامی کۆتاییدا هەر شەڕێکی لەمجۆرە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو نەمانی یەکجارەکی دەبات.



سەرچاوە:

alarabiya.net

مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا رایگەیاند کە وڵاتەکەی پێی وایە ئێران لەو هێرشانە بەرپرسە کە لە دژی کۆمپانیای نەوتی ئارامکۆی سعودی ئەنجام دران .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
وەزارەتی بەرگری ئەفغانستان دووپاتی کردەوە کە سوپای وڵات ناوچەی جاجاتۆی سەر بە هەرێمی عزنی لەدەستی چەکدارانی تاڵیبان ئازاد کرد.



ئەی ئێف پی:
حکوومەتی ئیتاڵیا ڕێگەی بە 182 کەس لەو پەنابەرانە دا کە لە دەریای سپی ڕزگار کرابوون ، لە خاکی وڵاتەکەی بێننەوە.



ئیلاف:
پارتی کرێکارانی بەریتانیا کۆنگرەی سالانەی خۆی ئەنجام دا و چاوەڕێ دەکرێ لەو کۆنگرەیەدا ناکۆکی زۆر سەبارەت بە بڕیکزت سەر هەڵبدەن.




فرانس 24:
بە ئاماژەبوونی زۆربەی سەرکردەی وڵاتان، نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنگرەیەکی دەربارەی کەشوهەوا ساز کرد.



کەنالی ئار تی:
بڕیار وایە لە مانگی نۆڤەمبەر ئەمەریکا و هیندستان بۆ یەکەم جار مانۆڕێکی سەربازیی هاوبەش ئەنجام بدەن .

کاریکاتێر



www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2019/9/24 ژمارە (5834)
خەبات



چەند ڕێنماییەک بۆ ئەوانەی داری مێویان هەیە

لە کوردستاندا بایەخ بە چاندنی داری مێـــو (تـــرێ) دەدرێت و ژمارەیەکی زۆر باخی مێو هەیە کە وەک ســەرچـاوەیـــەکی داهـات باخەوانان پشت بە بەرهەمەکانیان دەبـەستن. بۆ زیـاتـر پـاراسـتـنی باخەکان و هاندانی گەشەکردنێکی سروشتی پێویستە ئەو ڕێنماییانە پیادە بکرێن:-

یەکەم: خۆدەربازکردن لەو لقوپۆپانەی لە ژێرەوە گەشە دەکەن.

دووەم: پشـکـنـینـی گـەڵا تـازەکـان بۆ دڵنیابوون کە دووچاری مێروو و مەگەز نەهاتوون.

سێیەم: ئـامـادەکـردنی پـەیـنـی ئۆرگـانـی یـان کۆمـپـۆست بۆ ســەرەتـای وەرزی زستان بۆ پەینکردنی باخەکە.

چوارەم: قەڵاچۆکردنی تەونۆکە و دوکە و بـنـۆکـــەی ســپـی لـــە کـــاتـی سەرهەڵدانیان.

پێنجەم: دوای چنینی بـەر ڕاستەوخۆ دەست دەکـرێت بـە قـەڵاچۆکـردن و ڕێگاگرتن لە نیماتۆدا.

شەشەم: پێش کۆکردنـەوەی بـەرهـەم (چـنـیـنـی بـەرهـەم) بـە دوو حـەفـتـە کرداری پەینکردن دەوەستێندرێت و دووبارە ئەو کرداڕە ئەنجام دەدرێتەوە پاش نەمانی بەرهەم.

ئەو خۆراکانەی نابێت پێش خەوتن بخورێن



ئەو خۆراکانەی کە دەخورێن کاریگەری لەسەر خـەوتـنـی شـەوانـدا دروسـتـدەکـەن، هـەنـدێک خۆراک بـە گـونجـاو دادەنـدرێن دەکـرێت ئێـواران بخورێن، بەڵام هەندێک خۆراک هەرسکردنیان قـورسـە و بـەد هـەرسی دروسـتـدەکـات بۆیـە ئـامـۆژگـاری خواردنیان لە ژەمی ئێوارە ناکرێت. ئەمانەی خوارەوە بخوێنەوە:

– گۆشتی سوور هـەرسـکـردنی قـورسـە بۆیـە کـاریـگـەری لـەسـەر جۆری خـەوتـن دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەد هەرسیی باشترە گۆشتی مریشک یان ماسیی بخورێت لە ژەمی ئێوارەندا.

– شـیـر: بـە شـلـەیـەک هـەژمـار دەکـرێت کـە هەرسکردنی ئاسان نییە بە تایبەتی شیری پڕ چەوری. شـیـری گـەرم لـەگـەڵ هـەنـگـوین پێش خەوتن هۆکارە بۆ خەوتنێکی بێ کێشە.

– نـانـی سـپـی: خـواردنـی نـان پێش خـەوتـن هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی رادەی ئەنسۆلین لە جەستەدا بە تایبەتی نانی سپی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر خەوتن دەبێت، پێویستە لە 50 گرام زیاتر لە نانی سپی لە ئێواراندا نەخورێت،

– زەڵاتـە: ڕاسـتـە زەڵاتـە بـە خۆراکێـکـی تەندروست دادەندرێت، بەڵام خواردنی زەڵاتە لە ئێواراندا دەبێتە هۆی هەوکردن و غازاتی سک.

– شیر بە شوکوڵاتە: ئەو خواردنەوەیە جەستە چالاکدەکات، بەڵام زێدە ڕۆیی لە خواردنەوەی شـیـر بـە شـوکـوڵاتـە کـاریـگـەری نـەرێـنـی لـەسـەر خەوتن دەبێت. ئەگەر ئێواران زۆر ئارەزووت لە خواردنەوەی هەیوو دەبێ کەرتێک لە شوکوڵاتەی تاڵ بخورێت لە ئێواراندا، چونکە دەوڵەمەندە بە مەگنسیۆم کە یارمەتی حەسانەوە دەدات.

– سـپـاکـێـتـی: کـرداری هـەرسی مـاددە نیشاستەییەکان کاتێکی زۆر دەخایانێت بۆیە بە باش نازانرێت ئێواران سپاکێتی بخورێت چونکە هەرسکردنی تا کاتی خەوتن قورسە.

– سـوورکـراوەکـان: ئـامـۆژگـاری خـواردنی سوورکراوەکان ناکرێت لە ژەمی ئێوارانداا چونکە دەوڵەمەندە بە ڕۆن و چەوری و یەکەی گەرمی بەرز و هەرسکرنیشیان قورسە کە دەبێتە هۆی خەو زڕاندن.

– پـەهـارات: خـواردنـی بـەهـارات هۆکـارە بۆ هـەسـتـکـردن بـە تێنـوێـتـی، باشـتـر وایـە ئـەو خۆراکـانـەی دەوڵـەمـەنـدن بـە بـەهـارات پێش خـەوتـن نـەخـورێـن بۆ یـەسـەر بـردنی خـەوێـکـی ئارام.

گرنگی توخمی مەگنسیۆم لەسەر ڕووەک

مەگنسیۆم توخمێکی جۆلاوە لە نێو ڕووەکدا بۆیە نیشانەی کەمبوونی سەرەتا لەسەر گەڵا کۆنەکاندا (ئەوانەی خوارەوە) دەردەکەوێت پاشان نیشانەکان لەسەر گەڵا تازەکاندا (سـەرەوە) دەردەکـەوێت، ئـەوەش ئـەگـەر بـەڕادەیـەکی زۆر مـەگـنـسـیۆم کـەمـبـوو لـە ڕووەکەدا .

مەگنسیۆم لەسەر شێوەی ئایۆن هەڵدەمژرێت لـەلایـەن ڕووەکـەوە، نـیـشـانـەی کـەمی ئـەو توخمە لە خاکە سووک و لمیەکان زۆرتر بەدەر دەکەوێت. لەو خاکانەی phیان لە نێوان (7-18.5) مەگنسیۆم تێیدا هەیە.

مەگـنـەسـیۆم تـەنـهـا مـاددەی کـانـزایـە کـە لە کلۆرۆفیلدا هەیە ئەویش بەرێژەی . % 2.7

فرمانەکانی مەگنسیۆم :

یەکەم: هاوکارە لە کرداری ڕۆشنە پێکهاتن.

دووەم: پەیوەندی بە دروستکردنی جۆرەکانی زەیت هەیە لە نێو پێکهاتەی ڕووەکدا.

سێیەم: یارمەتی دەرە لە جوڵەی فۆسفۆر لە نێـو ڕووەکـدا هـەروەهـا یـارمـەتی ڕووەک دەدات وە مژین فۆسفۆر.

چوارەم: پێویستە بۆ چالاککردنی ژمارەیک لە ئەنزیمەکان.

نیشانەکانی کەمی مەگنسیۆم :

سەرەتـا نـیـشـانـەی کـەمی مـەگـنـسـیۆم بـە شێوەی زەرد بوونی گەڵا دەردەکەوێت دەماری گـەڵاکـان بـە سـەوزی دەمێـنـێـتـەوە، گـەڵا کۆنەکان پێشەنگن لە دەرکەوتنی نیشانەی کـەمی مـەگـنـسـیۆم لەسـەریـاندا پـاشـان ئـەو نیشانانە بەدەردەکەون لەسەر گەڵا نوێیەکانی سەرەوەی ڕووەک.



پاش ماوەیەک لە بەدەرکەوتنی نیشانەی کەمی مەگنسیۆم و چارەسەرنەکردنی بۆیەی ئەنتۆسیانینی سوور پەیدا دەبێت و پەڵەی مردووش لەسەر گەڵاکان بەدی دەکرێت.

نیشانەی کەمی مەگنسیۆم لەسەر ڕووەک بەدەر دەکەوێت کاتێک ئەو توخمە لەنێو خاکدا کەمدەبێت یان هەندێک ئایۆنی ڕکابەر وەک پۆتاس و کالسیۆم و مەنگەنیز لە خاکدا دەبێت.

ئەگەر ڕووەک بەڕادەیەکی بەرز پەین بکرێت بـە پۆتـاس و نـایـتـرۆجـێن دەبێـتـە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی کەمی مەگنسیۆم لەسەر ڕووەک. تـەنـانـەت ئـەگـەر بڕێـکـی زۆریش مەگـنـسـیۆم هەبێت بە زێدەڕەویی کردن لە بەکارهێنانی پەینی پۆتاسۆم یان ئەمۆنیۆم ئەوا ئەو نیشانەیە هەر بەدی دەکرێت.

ئەگەر نەترات NO3 لە خاکدا ڕێژەی بەرز بـوو هۆکـارە بۆ مژینی مـەگـنـسـۆم لـەلایـەن ڕووەکەوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا سوودی پەنیر بۆ خوێنبەرەکان ئاشکرا دەبێت



زۆر جـار سـەیـری پـەنـیـر دەکـرێت وەک هەڵبژاردەیەکی خۆراکی ناتەندروست، بەڵام لـە لێـکـۆڵـیـنـەوەیـەکـی تـازەدا سـوودی تەندروستیی ئەو ماددە خۆراکییە ئاشکرا بوو.

تـوێژەرانی زانکۆی ویلایەتی بنسڵڤینیا بۆیـان دەرکـەوت پـەنـیـر بـە شێـوەیـەکـی کـردارییـانـە تـوانـای هـەیـە خوێنبـەرەکـان بپارێزێت لە تێکچوون بەهۆی ئاستی بەرزی خۆێ کە لە سیستەمی خۆراکیدا هەیە.

توێژەران گەیشتنە ئەو ڕاستییە کە ئەگەر کەسانی پێگەیشتوو سیستەمێکی خۆراکی دەوڵەمەند بە خۆێ بەکار بهێنن دووچاری کێشەی خوێنبەرەکان دەبنەوە، بەڵام ئەگەر هەمان ئەو کەسانە ڕۆژانە 4ژەم پەنیر بخۆن هاوشانی سیستەمی خۆراکی دەوڵەمەند بە خۆێ هیچ زیانێک لەسەر خوێنبەرەکانیان لەم توێژینەوەیەدا تۆمار نەکراوە.

(بـیـلـی ئـیـلـیـا) سـەرپـەرشـتـیـاری ئـەو توێژینەوەیە دەڵێ: توانای بەکار هێنانی بەرهەمی شیرەمەنییەکان وەک پەنیر لە سـیـسـتـەمـی خۆراکـیـدا دەکـرێت وەک توانایەکی ستراتیجی جێگرەوە دابنرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان لەسەر دڵ و خوێنبەرەکان بێ ئەوەی ئاستی بەکارهێنانی ڕەسەنی خۆراکەکە کەم بکرێتەوە.

بەشداربووانی ئەو توێژینەوەیە لە 11 خوێدەخشی پێگەیشتوو پێکهاتبوون کە هەر یەک لەوانە 4ژەمی خۆراکی جیایان بەکار هێنـابـوو بۆ مـاوەی 8 ڕۆژ، لـە ژەمی یەکەمدا سیستەمێکی خۆراکی کەم خوێ کە بەرهەمی شیرەمەنی تێدا نەبوو بەکار هات، پاشان سیستەمێکی خۆراکی کەم خوێ و دەوڵەمەند بە پەنیر و دوایی سیستەمێکی خۆراکی دەوڵـەمـەنـد بـە خـوێ و بـەڵام بـەڕووبـومـی شـیـرەمـەنی تێـدا نـەبـوو و سیستەمی چوارەم بریتیبوو لە سیستەمێکی خۆراکی دەوڵەمەند بە خوێ و بە پەنیر. لە کۆتاییدا توێژەران هەر چوار سیستەمی خواردنیان شیکردەوە و پشکنینیان بۆ خوێنبەرەکان و پەستانی خوێنی بەشداربووان کرد.

پرۆفیسۆر (لاکی ئەلکسەندەر) کە یەکێ لە تـوێژەراکـان بـوو دەڵێ: کـاتـێک بـەشـدار بووێک سیستەمێکی خۆراکی دەوڵەمەند بە صۆدیۆم و بێ پەنیری دەخوارد بینیمان کە خوێنبەرەکان ئەرکەکانیان زۆر بە لاوازی جێـبـەجێ دەکـرد وەک کـەسـێـک کـە مـەتـرسـیـیـەکی گـەورەی لـەسـەر دڵ و خوێنبەرەکاندا هەبێت، بەڵام دوای بەکار هێنانی هەمان بڕ لە خوێ لەگەڵ پەنیر وەک سەرچاوەیەکی ئەم خوێیە بە تەواوەتی ئەو نیشانانەمان نەبینی.

تاکو ئێستا هۆکاری ئەو دیاردەیە ئاشکرا نییە، بەڵام توێژەران بۆ تایبەتمەندی دژە ئۆکسینەکانی نێو بەرهەمەکانی شیرەمەنی دەگەڕێننەوە کە توانای هەڵـوەشـاندنەوە گـەردیـلـە زیـانـبـەخـشـەکـانـیـان هـەیـە و خـوێـنـبـەرەکـان لـە ئـاسـەواری زیـانـە فەسلەجییەکانیان دەپارێزن.

چای مۆرینگا چیە؟

چای مۆرینگا Moringa Tea چایەکی سروشتییە و بەهێزکەرەوەێکی باشی جەستە و هـزر و سێـکـسـە. لـە داری مـورێـنـگـا وەردەگـیـرێت کـە بـە داری ژیـان یـان داری سەرسوڕهێنەر دەناسرێت. ئێستا لە هەر یەک لە وڵاتانی ئەفـریـقـیـا و فـەرەنـسـا و ئـەسـپـانـیـا و ئـەمـەریـکـا بـەکـار دێت پێشتر میسرییە کۆنەکان پێش چەندین هەزار ساڵ بـەکـاریـان هێـنـاوە لـە بـواری پـزیـشـکـی و زیـتـەکـەی بـە یـەکێ لـە نـەخـێـنـیـەکـانی تەحنیتکردنی مۆمیایەکان دادەندرێت.

زانا ئـەمـەریـکـییـەکـان سـەبـارەت بـە داری مۆرینـگـا دەڵـێـن: داری مۆرینـگـا نـەخـێـنـی ژیانە. هیـتـدییـەکـان و ئـەفـریـقـییـەکـان بـەکـار هێنانی گەڵای مۆرینگا زۆر باو بوو لەلایان بـە تـایـبـەتـی لـە خۆراکـدا لـەو بـاوەڕەدان کـە هۆکـارە بۆ بەهێزکردنی بەرگری جەستە بۆ نەخۆشییەکان.

بۆ ئـامـادەکـردنی چـای مۆرینـگـا 5گـرام هاڕاوی گەڵای مۆرینگا تێکەڵ بە 150 سانتیمەتر سێ جا ئاوی کوڵاو دەکرێت وەک چـا دەخـورێـتـەوە. ڕۆژانـە سێ جـار چـای مۆرینـگـا دوای خـواردن دەخـورێـتـەوە. تـایـبـەتـمـەنـدی چـای مـۆرینـگـە لـەوە دایـە زێـدەکـردنی بڕی هاڕاوەکە هـیـچ زیـانـێـکـی تەندروستیی نابێت.

بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە چای مۆرینگا دەخورێتەوە:

یەکەم- بەهێزکەرە بۆ جەستە و چارەسەرە بۆ نەخۆشیی کەم خوێنی (ئەنیمیا).

دووەم- بەهێزکەرێکی جەستەیە دژی پیری.

سێیەم- ڕێکخەرێکی سروشتی ئاستی شەکرە و پاستانی خوێن و کولیسترۆڵە.

چوارەم- بەرگری جەستە بەهێز دەکات و وەک پێشگرەوە بۆ نەخۆشیی شێرپەنجە بەکار دێت.

پێنجەم- بینین بەهێز دەکات توانی هزری زیاد دەکات و بۆ نەخۆشیی زەهایمەر بەکار دێت.

شەشەم- توانی کارکردنی جومگەکان باشتر دەکات و بەهێزیان دەکات و بە سوودە بۆ نەخۆشەکانی ڕۆماتیزم.

حەوتەم- توانای منداڵبوون زیاد دەکان و ژمارەی سپێرمی پیاو چالاکتر و باشتر دەکات.

هەشتەم- بڕی شیری ئافرەت زیاد دەکات.

نۆیەم- فـرمـانـەکـانـی دڵ و گـەدە و قـوڵـون و جگەر و میشک باشتر دەکات.

مـەرج نـیـە ئـەوەی چـای مۆرینـگـا دەخـواتـەوە نـەخـۆش بێت، لـە هـەنـدێک وڵاتـدا وەک جێـگـرەوەی خۆراک بـەکـار دێت یـان وەک چارەسەری نەخۆشیی.



ئەبراهام:
من تینووی سەرکەوتنەکانم

تامی ئەبراهام، هێرشبەرە لاوەکەی چێلسی گوتی، ئومێد دەخوازم ئەو وەرزە، وەرزی من بێت، دوای ئەو سێ گۆڵەی لە یاری بەرامبەر ولڤەرهامبتۆن تۆماری کرد، لەو یارییەی چێلسی بە پێنج گۆڵ براوەی بوو.

ئەمەو ئەبراهام، بە تۆمارکردنی 7 گۆڵ و بەهاوبەشی لەگەڵ، سێرخیۆ ئەگوێرۆ، هێرشبەری مانچستەر ستی، گۆڵکاری پرێمەر لیگە. دوای یارییەکە، ئەبراهام، لێدوانی بۆ مالپەڕی فەرمی چێلسی دا و وتی:"ئەرکی سەر شانی خۆم بە سەرڕاستی ئەنجام دەدەم، ئومێد دەخوازم، ئەو وەرزە، وەرزی من بێت، شتەکە بەخۆمەوە پەیوەستە، بۆ ئەوەی هەموو هەوڵێک لە یارییەکان و لەکاتی مەشقەکان، بەرام بەر لامپارد پێی وتم، لەسەر یاریگە دەمهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی هاتریک تۆمار بکەم، منیش باوەڕم کرد و شتەکەم کردە راستیی، دەبێت ئامادەبم و هەموو دەرفەتێک بقۆزمەوە، کە بۆم دەڕەخسێت". جەختیشی کردەوە:"من بەسەرڕاستی کار دەکەم، دڵخۆشیشم بەرهەمی ئەوە لە گۆڵەکانم دەبینمەوە". ئەمەو ئەبراهام، یەکێ لەو سێ یاریزانە بوو، کە دەرچووی ئەکادیمیای چێلسین و بەرامبەر ولڤەرهامبتۆن، بەئاستێکی نایاب دەرکەوتن و گۆڵیان تۆمار کرد، لەتەک فیکایۆ تومۆری و ماسۆن مۆنت. ئەبراهام لەمبارەیەوە وتی:" دوای یارییەکە، ئێمە ئەو سێیە، دوایین کەس بووین لە یاریگە بچینە دەرێ، چونکە گفتوگۆمان لەسەر ئەوە دەکرد، چۆن هەرسێکمان لە هەمان یاری گۆڵمان تۆمار کرد. خەونمان بەوە دەبینی، چونکە ئێمە منداڵی بچووک بووین، ئێستاش خەونەکەمان هێنایە دی".

ڕەمزی میرەکانی



ئۆدیشۆ لە سکاڵاکەی دژ بە یانەی هەولێر براوە دەبێت

ئەیوب ئۆدیشۆ ڕاهێنەری پێشووتری یانەی هەولێر، بڕیارێکی دادگای لە یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا دەباتەوە، بە وەرگرتنەوەی پارە دواکەوتووەکانی لە یانەی هەولێر، ئۆدیشۆ سکاڵاکەی لە ساڵی 2016لەدژی یانەی هەولێر تۆمار کردبوو، بە پێی بڕیاری یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیاش، پێویستە یانەی هەولێر لە ماوەی 10 ڕۆژدا پارەکانی ئۆدیشۆ بداتەوە، بە پێچەوانەوە، یانەکە دادەبەزێتە پلە یەکی خولی عێراق.



مۆرینهۆ دوای دۆڕانەکەی مان یونایتد ڕەخنە دەگرێت



جۆزی مۆرینهۆ دوای دۆڕانەکەی مان یونایتد بەرامبەر ویستهام 2-0ڕەخنە دەگرێت و ڕایدەگەیەنێت کە ئەو تیپە حالی باشتر نییە لەوکاتەی من ڕاهێنەریان بووم. مۆرینهۆ دەڵێت: لەوەرزی ڕابردوو ئیمە زۆر خراپ بووین، بەڵام پێموایە ئەم وەرزەش هیچ باش بوونێک لە ئاستی مان یونایتد نابینم، ئەگەرچی 3یاریزانی تازەشیان بردۆتە ریزەکانیانەوە، هەروەها گوتی: ئەو 3یاریزانەم خۆش دەوێ کە چوونە بەرشلۆنە، ئاستیکی باش پێشکەش دەکەن، بەڵام مان یونایتد وەک یانەیەک بەگشتی هیچ خۆشم ناوێ و پێشم وایە ئەو یانەیە هیچ ئەنجامیکی باشی نابێت.

سیمیۆنی خەونی فیلیکس لە گۆڕ دەنێت



خەریکە خەونی خواو فیلیکس یاریزانی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەچێتە گۆڕەوە، دوای ئەوەی لە سێ یاریی دوایدا لەلایەن سیمیۆنی ڕاهێنەرەوە یاری تەواوی پێناکرێت و دەردەهێنرێت.

لەلایەکی دیکەوە ڕاهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ سوورە لەسەر ئەوەی ئەو یاریزانە لەباڵی چەپە یاری پێ بکات، کە ئەمەش دوور لە سرووشتی ئەو یاریزانەیە، میدیاکانی ئیسپانیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سیمۆنی ئەو یاریزانە دەروخێنێت، هەروەک چۆن پێشتر کوکی و سائۆڵی بەو دەردە بردو و پێدەچێت چارەنوسی فیلیکس لەمانە باشتر نەبێت.

وەرزش لە لانکەی ماددەکان بۆ مەغریب و ئەمازیغ و بەربەر
تۆپی سەرمێزی برایەتی لەپاڵەوانیەتی عەرەبی لە مەغریب شەشەم بوو

زیاد سەعدی: ئەگادیر– مەغریب

گەر لە لانکەی ماددەکان سەفەرێکی وەرزشی بکەی بۆ ووڵاتی مەغریب و ئەمازیغ و بەربەرەکان، دەبێ زۆر هێمنانە و زیرانە لەگەڵ بارودۆخ و پاڵەوانیەتی وئەنجام و یاریزانەکان وشاندەکانی کوردستانی وعێراق وعەرەبی مامەڵە بکەیت، چونکە بیرو ڕاو دید وبۆچوون و بیرۆکە و لۆژیکی هزر و هێز و نەتەوە و زمان و کلتور و کرانەوە و چەقبەستووی و ئەنجام و وەرزش و هەموویان کاریگەری خۆیان دەبێت.

1/9/2019جل وبەرگ وکەل وپەلی ڕاگەیاندنم کۆکردەوە لە جانتایەک تا سەفەرێکم بۆ شاری ئەگادیری مەغریب لە (31) مین پاڵەوانیەتی یانە پاڵەوانەکانی عەربی تۆپی سەرمێز، بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک پەیوەندییان کرد گووتیان (ڤیزەی) شاندی عێراق نەگەڕاوەتەوە، بڕیار بوو شەش یانە لە کوردستان وعێراق بەشداربێت، سێ یانەی کوران وسێی کچان، گەر هەر یانەی (8) کەس لەگەڵ خۆی ببات دەکاتە (48) کەس، کەچی شاندی عێراق (72)کەس بوون!!، بۆیە ڤیزەی کەس نەهاتەوە، ناچار جانتاکەم بەتاڵ کردو نائومێد بووم کەشاندی یانەکەمان بچێت بۆ مەغریب.

3/9/2019 لە یەکێتی تۆپی سەرمێزی مەغریبی و عەرەبی پەیوەندیمان پێکرا کە ڤیزەکانتان گەڕاوەتەوە ودەتوانن سەفەر بکەن بۆ بەشداری ئەم پاڵەوانیەتییە، کەچی پاڵەوانیەتییەکە لە 3/9 دەست پێدەکات، گووتیان کێشە نییە یاریییەکانی یانەکانی عێراق بۆیان دواخراوە و دەکرێتەوە، یانەی وەرزشی برایەتی توانی بڕیاری بە پەلەبدات و بەشداری بکات، بەڵام یانەکانی سناعە وسلێمانی و تەڵەبە و پێشەرگەی سلێمانی لەبەر دواکەوتنی ڤیزەکە بڕیاریاندا بەشداری نەکەن و تەنها یانەی برایەتی و کچانی گازی باشوور بڕیاری بەشداری کردنی ئەم پاڵەوانیەتییەیاندا.

دووبارە جانتاکانمان کۆکردەوەوکەل وپەلەکانمان داناوە و بەرەبەیانی 5/9/ 2019 لەهەولێر بەرەو ئیستەمبوڵ و پاشان بۆ شاری (کازابلانکا- دار بەیزا)، پاشان لەڕێگای وشکانی بۆ ماوەی شەش کاتژمێر لە کازابلانکا بۆ ئەگادیر بەڕێکەوتین وکاتژمێر (1:40) بەیانی ڕۆژی هەینی 6/9/2019 گەیشتینە ئوتێل وهەمان ڕۆژ لەپاڵەوانیەتی (31)مین یانە پاڵەوانەکانی عەرەبی تۆپی سەرمێز بەشداریمان کرد . کاتێک گەیشتینە فرۆکەخانەی کازابلانکا دوو ئۆتۆمبێلی تەکسی گەورەمان گرت، بەڵام لەناو ترمینال پیاوێکی مەغریبی خاوەن تەکسی گەورە وبستی فێڵمان لێکات، ئێمەش لەگەڵ ئەو نەڕێشتین و دوعای لێکردین و گوتی: ئینشاللا بەسەلامەتی ناگەن!، دوای دوو کاتژمێر لەشوێنێک وەستاین بۆ پشوو و لەوێ (دووپشک)یکی ڕەشمان کوشت، براەدەرێک گوتی ئەمەش لە ڕاپۆرتەکە باس بکە، بەهەر حاڵ لە ووڵاتی مەغریب کەدەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست و دڕێژەدەبێتەوە بۆ سەر زەریای ئەتلەسی، مەغریب واتە ئەو شوێنەی کەدوا شوێنە ڕۆژی لێ ئاوادەبێت، سێ زمانی سەرەکی لەم وڵاتە قسەی پێدەکرێت (مەغریبی عەربی، ئەمازیغی، فەڕەنسی) شاندی کوردی وعێراقی هیچمان نەدەزانی لەم زمانانە، تەنها مەغریبی عەرەبیەکە ئەویش بە زۆری و بەقورسی لێیان حاڵی دەبووین، بەڵام هەندێک وشەمان لەبەر کرد وەکو (زوین واتە باش، بزاڤ واتە جوان، ژووژ واتە دوو).



ڕۆژی هەینی 6/9 یاریەکانی تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشی برایەتی دەستی پێکرد، لەیاری یەکەمدا لەیانەی ڕائید شەبابی ئەربعای لوبنانی بە ئەنجامی (1-3)ی بردەوە و لە، یاری دووەم لە یانەی (فتح ریاز)ی مەغریبی بردەوە بە ئەنجامی (0—3) ، ئێوارەش لەهەمان ڕۆژدا دوو یاری ئەنجامدا، لەیاری یەکەم بەئەنجامی (1-3) لەگەڵ بەحرێنی بەحرێن دۆڕا، پاشان لەهەمان ڕۆژدا (0-3) لە جەزیرەی سودانی بردەوە، بەو ئەنجامەش لە گروپی سێیەم یانەی بەحرێنی بەحرێن پلەی یەکەم و یانەی برایەتی پلەی دووەم بەسەرکەوت بۆ چوارگۆشەی زێڕین.

لەچوارگۆشەی زێڕین یانەی برایەتی ڕووبەڕووی یانەی قەتەڕی قەتەڕ بوەوە وبەئەنجامی (0-3) یاریییەکەی دۆڕاندن،ڕۆژی دواتر بۆ پلەکانی پێنجەم تا هەشتەم یانەی برایەتی ڕووبەڕووی یانەی سینگلی فەڵەستینی بوەوە ویاریییەکەی بە ئەنجامی (0-3) لێ بردەوە،پاشان لەسەر پلەکانی پێنجەم وشەشەم ڕووبەڕووی یانەی ساری بەحرێنی بوەوە وبەئەنجامی (1-3) برایەتی دۆڕا وپلەی شەشەمی ئەم پاڵەوانیەتییە بەدەست هێنا کە لە کۆی (20) تیپ بوون،پاشان یانەی گازی باشوور لەسەر ئاستی کچان پلەی پێنجەمی بەدەست هێنا

هەروەها یانەی ئەهلی میسڕی لەسەر ئاستی پیاوان یەکەم بوو و یانەی قەتەڕی قەتەڕ دووەم بوو ویانەی بەحرێنی بەحرێن سێیەم بوو، هەروەها لەسەر ئاستی کچان یانەی زەمالیکی میسڕی یەکەم بوو یانەی شەبابی ئەربعای جەزائیر دووەم بوو یانەی نەدەوی لوبنانی سێیەم بوو.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 24. Sep. 2019 No: (5834)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دارین هەورامی: ناهێڵێن هونەری هەورامان لەناو بچێت

گۆرانیبێژێکی لاوی دەڤەری هەورامان نیگەرانە لەوەی هاوکاری هونەرمەندانی هەوارمان ناکرێت



دیدار:کارزان سەباح هەورامی

دارین بورهان هەورامی، بە ماوەیەکی کەم توانیویەتی جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی کۆبکاتەوە و یەکێکە لە هونەرمەندە تازە پێگەیشتووەکان لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: سوپای بۆ خەڵکی کوردستان و ئەو پێشوازییە فراوانەی لێم دەکرێت لەماوەیەکی کەم توانیم سنووردێکی بەرفراوان ببڕم ئەوەش بەهۆی دڵسۆزی و خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە لەماوەیەکی کەمیشدا هەوڵم داوە زۆرترین خزمەت بە هونەری هەورامان بکەم ئێستاش لە دڤەرەکەمان لەگەڵ زۆرێک لە هونەرمەندان پەیوەندی باشمان هەیە و لە زۆربەی بۆنەو ئاهەنگە نیشتیمانییەکان بەشداری دەکەین. ئەوەشی خستەڕوو: داواکارە وەزارەتی ڕۆشنبیری هاوکاری زیاتری هونەرمەندانی ئەم دەڤەرە بکات بەتایبەت مەترسییەک هەبوو کە هونەری هەورامان لەناو چوونی لەسەر بێت بەڵام بەهاوکاری سەرجەم هونەرمەندانی دیکەی هەورامان ڕێگا نادەین هونەری هەورامان لەناو بچێت.



دارین ئەوەشی خستەڕوو: نیگەرانە لەوەی هاوکاری هونەرمەندانی هەورامان ناکرێت بۆیە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو جۆرێک لە پاشەکشە بەرووی هونەری هەورامان هەیە یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە کە هونەرمەندان خۆیان ناتوانن لەسەر بودجەی خۆیان بەرهەمی هونەری تۆمار بکەن بۆیە ناچار دەبێت کاری دیکە بکەن تا بتوانن هونەری خۆیان بەرێوە ببەن ئەوەش ئاستەنگ دروست دەکات لەبەردەم کارە هونەرییەکانیان جیالەوەش گرنگە چالاکی هونەری لە هەڵەبجە و هەورامان زیاتر پەرەی پێ بدرێت.

ڕێکخراوی سوارچاکانی برایان بەدروشمی «گەڕانەوە بۆ مێژوو و هەنگاونان بەرەوپێش» نمایشی سوارچاکییان دەستپێکرد

بەرهەم شێخ عزەدین

لە دەسپێکی پایزدا ڕێکخراوی سوار چاکانی برایان، بەدروشمی ''گەڕانەوە بۆ مێژوو هەنگاو نان بەرەو پێش ''نمایشی ئەسپ سواری و ڕاوە کەرویشک بە تاژی لە دەشتی زورگە زراو سازکرد.ئەحمەد میران :یەکێک لە سوارچاکەکان، بەخەباتی گوت: لەگەڵ دەرکەوتنی گەلاوێژ وەکو دەستپێکی وەرزی پایز ڕێگە دراوە بۆ ڕاوچیان بە شێوازی کوردانە ڕاو لەڕێی ئەسپ و تانجی یەوە بکرێت، سوار چاکانی برایان یەکەمین نمایشی لە وەرزی پایزدا ئەنجام دا، مەبەست لەم نمایشە زیندوکردنەوەی ئەم کەلتورە جوانەی کوردەواری یە لە ڕێی ئەم ڕێکخراوەوە چەندان ئەسپ سوار بوونەتە ئەندام یەکەم چالاکیش لە یەکەم ڕۆژی پایزدا، نمایشێکمان ساز کرد و دواتر لەڕێی تاژی ڕاوی کەرویشکمان کرد، لە دوای نمایشەکەدا لەڕێی هەر دوو حەیران بێژان (ئەمیر حەسەن حەیران و ڕێبوار شێخ شێروانی) چەندین حەیران و بەستە پێشکەش کران.




زەڕۆک گرانترین ئەکتەری پیاوە لە جیهاندا



خەبات / هەمزە سەرحان

گۆڤاری فۆربس بڵاوی کردەوە، دوەین جۆنسن ناسراو بە ''زە ڕۆک ''گرانترین ئەکتەری پیاوە لە جیهاندا بۆ بەشداری کردن لە فیلم، لەماوەی یەک ساڵدا نزیکەی 90ملیۆن دۆلاری پەیدا کردووە. گۆڤاری فۆربسی ئەمریکی، کە گۆڤارێکی بواری بزنسە بڵاوی کردووەتەوە، دوەین جۆنسن ئەکتەری دیاری هۆڵیوود کە بە ''زە ڕۆک ''ناسراوە، گرانترین ئەکتەرە لە جیهاندا بۆ بەشداری لە فیلم، ئەو ئەکتەرە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2018وە تا حوزەیرانی ئەمساڵ توانیوێتی بڕی 89 ملیۆن و 400هەزار دۆلار لە ئەنجامی بەشداری لە فیلمدا بەدەست بێنێت. زە ڕۆک یاریزانی پێشووی زۆرانبازی بووە، نوێترین فیلمیشی کە لە ئێستادا لە سینەماکانی جیهان نمایش دەکرێت بریتیە لە فیلمی «هۆبس ئاند شۆ» کە بەشێکە لە زنجیرە فیلمی «فاست ئاند فیرۆس» کە لە چەند بەشێکیدا دوەین جۆنسن بەشداری کردووە، فیلمێکی ئەکشن و کێبڕکێیی ئۆتۆمبێلە. پاش ئەوەی ئەو ئەکتەرەی هۆڵیوود بەشداربوو لە بەشی دووی فیلمی جۆمانجی، کە ڕۆڵێکی سەرسوڕهێنەری هەبوو لەو فیلمەدا، لە کاستی بەشی سێیی ئەو فیلمەدایە دووبارە بەشداری.لە پاش دوەین، هەریەک لە ئەکتەرانی بەشدار لە فیلمی ئەڤێنجەرز ئینند گەیم دیاری کراون، کریس هێمسۆرس کە ڕۆڵی پۆر دەبینێت لە جیهانی مارڤێڵدا، خاوەنی داهاتی 76 ملیۆن و 400هەزار دۆلارە لەو ماوەیەدا، ڕۆبێرت داونی کە ڕۆڵی ئایرۆن مان دەبینێت لەو ماوەیەدا 66ملیۆن دۆلاری پەیدا کردووە. لە ڕیزبەندی چوارەمی گرانترین ئەکتەری پیاودا، ئەکتەری بۆڵیوود ئەکشای کۆمار دێت کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا توانیوێتی 65ملیۆن دۆلار بەدەست بهێنێت.




ژیان

لە فیلمی زەینەب ڕۆڵی کچە ئێزیدیەک دەبینێت

هەمزە سەرحان

خانمە ئەکتەری کورد ژیان موبریگ سەرقاڵی بەشدارکردنە لە فیلمێکی نوێی کوردیدا بەناوی (زەینەب) کە بەمزوانە بڵاو دەکرێتەوە.ژیان لەبارەی فیلمەکەیەوە دەڵێت ''ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لە کچێکی ئێزدی و چیرۆکی ژیانی دەکات لە پاش هەڵهاتن لە دەستی داعش، فیلمەکە لە وڵاتی بەریتانیا وێنەی گیراوە و لە نووسینی ئاوات عوسمانە و دەرویش عومەر کاری دەرهێنانی بۆ کردووە،ژیان عەلی لە ساڵی 1968لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و لە ساڵی 1994ەوە لە وڵاتی دانیمارک ژیان بەسەر دەبات و هەر لە ئەوروپاش دەستی کردووە بە کاری هونەری.

ناسینەوەی ڕووخسار لەڕێی کەرەستە ئەلکترۆنییەکانەوە



تەکنیکی ناسینەوەی ڕووخسار ئێستا داهێنانە ئەلکترۆنییەکانی داگیرکردووە، هەرچەندە مەترسی ئەوە لەئارادایە کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئازادییەکانی تاک. ئەم ئاڕاستەیە لە پێشانگەی لاس ڤێگاس-دا بەئاشکرا هەستی پێکرا کە بۆ کەرەستە ئەلکترۆنییەکان سازکرا و بە یەکێک لە گەورەترین پێشانگەی جیهان دادەنرێت لەبوارەکەدا.ئەم تەکنیکە بۆ نموونە دەرفەت دەڕەخسێنێت کڕیارەکە بناسێتەوە و لە زۆر ڕووەوە کارئاسانی بۆ بکرێت و زوربەی کۆمپانیاکان ئەم تەکنیکەیان خستووەتە ناو ئیشوکارەکانیانەوە.شایەنی باسە یەکێک لەو کۆمپانیا پێشکەوتوانە کۆمپانیای (باینت)ی چینی-یە کە ئۆتۆمبێلی کارەبایی کەشخە بەرهەم دەهێنێت و بڕیارواید ساڵی داهاتوو بەرهەمەکەی بخاتە بازارەوە.بەم تەکنیکە ئۆتۆمبێلەکە دەتوانێت نەفەری دوای ئۆتۆمبێلەکە بناسێتەوە و هەروەها بیشزانێت ماوەی چەندێکە گەشتەکە دەستپێکردووە و ئارەزووی چ خواردنێک دەکات و خواردنەکەیشی بۆ داوابکات. لایەنێکی نەڕێنی ئەم تەکنیکەی هەندێک کەس نیگەرانن لەبارەیەوە، مەسەلەی خراپ بەکارهێنانەیەتی.

ئاگاداری ئەو ئەپانە بن کە بێ ئاگاداری خۆت دێتە ناو مۆبایلەکەتەوە

کۆمپانیای گوگڵ دوو ئەپلێکەیشنی مۆبایلی ڕاگرت، بە هۆی بوونی بەرنامەیەکی زیانبەخش تیایاندا کە بێ ئاگاداری خۆت لە ناو مۆبایلەکەتدا کار دەکات.یەکێک لەو بەرنامانە بۆ پاراستنی وزەی پاتری مۆبایلەکەت بەکاردێت بە ناوی (باتری سەیڤەر مۆبی) کە پێنج هەزار جار دابەزێنراوە لە (گوگڵ پلەی) و ئەوی دیکەیان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دراوەکان بەکاردێت، بەڵام لە ناویاندا بەرنامەیەکی زیانبەخش بوونی هەیە بە ناوی (ئانۆبیس) کە دەتوانێت بە تاقیکردنەوەی سیکیۆریتی گوگڵدا تێپەڕبێت.کاتێ بەکارهێنەر ئەم بەرنامەیە لە مۆبایلەکەیدا دادەبەزێنێت داوا لە بەکارهێنەر دەکات ئەپدەیتی نوێ بۆ بەرنامەکە دابەزێنێت و دوای ئەوەی کلیک لەسەر (قبوڵکردن) دەکەیت، ئەوا هەموو ئەو زانیارییانەی داخڵی دەکەیت دەگات بەو کەسەی بەرنامەکەی دروستکردووە.